# ڕێچکەی نەتەوەیی لە شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین (کرمانجی ناوەڕاست )

**پ.ی.د.سامان عزالدين سعدون كوڵاڵە سالح مراد**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو

**پوختە**

گەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بخشێنینەوە دەبینین، شیعری نەتەوەیی لەهەموو قۆناغ و ڕێباز وسەردەمێکدا یەکێك بووە لە بابەتە سەرەکی و کاریگەرەکانی نێو دەقە ئەدەبیەکان، ڕێچکەیی نەتەوەیی لە شیعری کوردیدا چەند قۆناغێکی بڕیووە، هەمیشە جێ بایەخی توێژەران بووە، ڕەنگدانەوەی ئەم بیرە نەتەوەییە لەشیعری کوردی لەقۆناغی کۆن و نوێی و لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە لای شاعیرانی کورد تاوەکو ڕاپەڕین، پاشان بیری نەتەوەیی لە شیعری کوردی قۆناغی دوای ڕاپەڕین دەبینین، کە هەڵویستی شاعیران جۆریك گۆرانکاری پیا دێت دۆخیکی تایبەت دێتەکایەوە، چونکە لەقۆناغەکانی پێشوو هەڵویستی نەتەوەیی جۆریك لە هاندان و خوشەویست کردن و لکان بە نیشتمانەوە بوو، بەڵام لەدوای راپەرینەوە بەحوکمی ئەو دەسەلاتەی دێت، کە دەسەڵاتیکی خۆماڵی کوردی یە، شیعری نەتەوەیی گۆڕانەکەی لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە جۆرێك لە دابران لەشیعردروست دەکات، لە نیشتمان نەك بەو مانایەیی نیشتمان ناشیرین بکا، بەڵکو ئەو هەستە نامێنی و ڕەخنەکان ڕووبەرووی دە سەڵاتدارانی خۆمالی ئەبێتەوە، چونکە ئەوانن گۆڕانیان بەسەرداهاتووە نەك شاعیرەکان گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە ڕوونکردنەوەی ئەولایەنەیە، کە پەیوەندی بەبیری نەتەوەیی و هەیە دوایی راپەرین بەراورد پێش ڕاپەرین.

وشەی سەرەکی: نەتەوە، بیری نەتەوەیی ،ڕاپەڕین، سەربەخۆیی ، ئازادی، نیشتیمان، خەون، ڕزگاری ،قۆناغی کۆن،نوێ، هاوچەرخ ، ڕوانگە، پێشڕەو، شاعیران...هتد).

## 1. پێشەکی

هەر لە ئەدەبیاتی کلاسیکییەوە، شاعیران لەپاڵ گرنگیدان بە لایەنی ڕەوانبێژی و دەرخستنی توانای شیعریان هەمیشە خەمی هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەییان کردووە بە بابەتی سەرەکی شیعرەکانیان، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیشەوە دابەشوونی کوردستانی گەورە بەسەر چوار دەوڵەتی دراوسێدا هۆکاری سەرەکی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی بوو لای میللەتی کورد بەگشتی و شاعیران بە تایبەتیکە لە هەموو قۆناغ و ڕێباز و سەردەمێکیدا، شیعر نەتەوەیی یەکێک بووە لە بابەت سەرەکی و کاریگەرەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکان، بەڵام ئەگەر بەشیوەیەکی گشتی سەیری بکەین دەتوانین، پۆلێنبەندی بۆ بکەین بە دابەشکردنی بۆ قۆناغی کۆن و نوێی و پەیدابوونی چاپەمەنی و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی بە زمانی کوردی بوو، بەهۆی دەرکەوتنی شەپۆلێکی بەهێز لە شیعری نەتەوەیی لای شاعیرنی نوێ تا دەگات بە قۆناغی پێش ڕاپەڕین، کە زۆرینەی پەیامی شیعری خۆیان بۆ بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەمان تەرخان کردبوو، بەڵام زمان و ناوەڕۆکی شیعری نەتەوەیی دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات، کە ئەوەش خۆی دەبینییەوە لە ڕەخنەگرتنی دڵسۆزانەی شاعیرانی هاوچەرخ لە دەسەڵاتی خۆماڵی لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین کە بە خوینی هەزاران شەهید بەدی هاتبوو ،لە ناو شاعیرانی هاوچەرخدا (عەبدوڵڵا پشێو) بە کاریگەرترین شاعیر دادەنرێت،کە زۆرترین دەقی شیعری نەتەوەیی نووسیوە.

### ناونیشانی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی: **( ڕێچکە نەتەوەیی لە شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین (کرمانجی ناوەڕاست ))** هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەی دیدی شاعیرانی کورد بۆ بیری نەتەوەیی و تێڕوانیەکانیان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەدەبیمان هەر لە شاعیرانی کلاسیکەوە تا دەگاتە شاعیرانی هاوچەرخی دوای ڕاپەڕین.

### گرنگی توێژینەوەکە:

مجلة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
أُستلم البحث في 15 سبتمبر 2022؛ قُبل في 26 اكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 25 أغسطس 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف : gulala.salih@charmouniversity.org
حقوق الطبع والنشر © 2023 سامان، گوڵاڵە. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بێگومان پێشتر توێژینەوە کراوە لەسەر شیعری نەتەوەیی، بەڵام زیاتر باسکردن بووە لە شاعیرێکی دیاری کراو، یاخود چەند شاعیرێکی قۆناغێکی دیاریکراو، کەزۆربەیان باس لەقۆناغی پێش ڕاپەڕین دەکەن لەبەر ئەوە بە گرنگمان زانیوە، کە توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە ڕێچکەی شیعری نەتەوەیی دوای ڕاپەڕین بە شیوەیەکی گشتی بکەین لە ئەدەبی کوردیدا.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

بابەتی شیعری نەتەوەیی ئەگەر سەرەکیترین بابەتی شیعری شاعیرانی کورد نەبووبێت، ئەوا یەکێك بووە لە بابەتە هەرە گرنگەکان، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنە رووی پێگەی شیعری نەتەوەییە لای چەند شاعیرێک، بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی شیعری کوردی لەگەڵ جیاوازی نێوان شیعرە نەتەوەییەکان، کە هاوشانی گۆڕانکارییەکان بوون کە بەسەر دۆخی گەلی کورددا هاتووە.

## سنوری لێکۆڵینەوە:

سنوری ئەم لێکۆڵینەوە سنورێکی فراوانە، بەڵام سنوری ئەم توێژینەوەیە هەردوو قۆناغی نوێ و هاو چەرخ دەگرێتەوە بە دیاریکراویش تایبەتمەندیەکانی قۆناغی دوای ڕاپەرین بە وەرگرتنی بیری نەتەوەیی لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی قۆناغەکە بە جیاکردنەوەی ئەو شاعیرانە، کە زۆرترین دەقی شیعری نەتەوەییان هەیە. سنورێکمان بۆ لێکۆڵینەوەکە دارشتووە.کە لە کلاسیکییەکان لە (ئەحمەدی خانی)هوە، دەستمانپێکردووە، تا دەگاتە هاوچەرخەکان و شاعیرانی دوای ڕاپەڕین.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە،کە هەر بەشێکیش ڕوونکراوەتەوە،بەم شێوەیە:

### بەشی یەکەم: ڕێچکەی نەتەوەیی لە شیعری کوردی پێش ڕاپەڕیندا.

کە بە دەروازەیەک بۆ ناساندنی زاراوەی نەتەوە دەست پێدەکات لەگەڵ سێ تەوەر کە ئەوانیش:

تەوەری یەکەم / ڕێچکەی نەتەوەیی لەشیعری (کۆن)کلاسیکدا: لەم تەوەرەدا باس لە بیری نەتەوەیی لەشیعری کلاسیکی کوردی کراوە، کە سەرەتاکانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی یە دوو شاعیر بەنموونە وەرگێراوە، کە ئەوانیش: (ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆییە)، کە بە دامەزرێنەری شیعری نەتەوەیی کورد دادەنرێن.

تەوەری دووەم / ڕێچکەی نەتەوەیی لەشیعری نوێدا:لەم تەوەرەدا باسی بیری نەتەوەیی لەشیعری نوێدا دەکەین، پێنج شاعیر بە نمونە وەرگیراوە ئەوانیش: (شێخ نوریی شێخ ساڵح ،ئەحمەد موختار جاف، حەمدی،زێوەر، دڵدار)ن.

تەوەری سێی یەم /ڕێچکەیی نەتەوەیی لەشیعری هاوچەرخی پێش ڕاپەڕین :لەم تەوەردا باسی بیری نەتەوەیی لەشیعری هاوچەرخی پێش ڕاپەرین دەکەین، چوار شاعیر بەنموونە وەرگیراوە ئەوانیش: (شیرکۆبێکەس، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێون).

### بەشی دووەم: ڕێچکەی نەتەوەیی لەشیعری کوردی پاش ڕاپەڕیندا.

ئەم بەشە تەنها لەیەك تەوەر پێکهاتووە، کەتێدا باس بیری نەتەوەیی قۆناغی دوای ڕاپەڕین دەکەین، پێنج شاعیر بەنموونە وەرگیراوە کە ئەوانیش:(شێرکۆبێکەس، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو، بەختیار عەلین).

## بەشی یەکەم: ڕێچکەی نەتەوەیی لەشیعری کوردی پێش ڕاپەڕیندا.

### دەروازە : زاراوەی نەتەوە و کورتەیەک لە سەر مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لای کورد.

زاراوەی نەتەوە، لە (Natio) (Nation) لاتینییەوە هاتووە، کە بەواتای خێڵ، ڕەگەز دێت. دیارە خێڵ و ڕەگەزیش بۆ کۆمەڵێك بەکاردێت، کە پەیوەندییەك پێکەوەیان ببەستێ( زمان - رۆشنبیری- هزر- دابونەریت)(مستەفا،٩:٢٠١٥).

ئێرنست ڕێنان (١٨٨٢) سەبارەت بە نەتەوە، دەڵێت: (نەتەوە پرەنسیپێکی رۆحی و مەعنەوییە. یەکەمیان سامانی یادەوەرییە دەوڵەمەندە بۆماوەکانە، ئەوی دیکەشیان ڕەزامەندییەکانی ئێستایە، ویستی بەیەکەوە ژیان و بەرزڕاگرتنی ئەو میراتەیە، کە بەشێوەیەکی دابەش نەکراو بۆ مرۆڤ ماوەتەوە) (سلیمان،٣٨:٢٠٢١).

سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەنێوکورددا، بەهەمان شێوەی کۆمەڵگاکانی تری جیهان مێژوویەکی کۆن ودێرینی هەیە، هەروەها هەندێك لەمێژوونووسان سەرەتاکانی بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سەدەکانی شانزدە و حەڤدەی زایینی دەگەڕێتەوە. لەم میانەشدا چەند هەوڵ و گوزارشتێك ئەکەن بە پاڵپشتی بیروبۆچوونەکانیان کە ڕووخساری نەتەوەیی بوونیان پێوە دیارە. بەشێك لەم گروپە ئاماژە بۆ هەوڵەکانی نوسینەوەی مێژووی کورد دەکەن و باس لە کتێبی (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بەدلیسی ١٥٤٣-١٦٠٤) دەکەن. هۆکاری نوسینی ئەم کتێبە بە نمونە دەهێننەوە کاتێك شەرەفخان دەڵێت: (هەتا ئێستا مێوونوسان، هیچیان لەبارەی کورد و کوردستانەوە نەنوسیووە، من ویستم بەپێی توانا لەوبارێوە کتێبێك بنوسم و ناوی لێبنێم (شەرەفنامە). هەموو ئاواتیشم هەر ئەوەیە کە خانەدانەکانی کورد ناویان لەتۆماری مێژوودا بە زیندوویی بمێنێتەوە) (سەعید،١٦٩:٢٠٠٨).

دەکرێت سەرەتای سەدەی شانزەهەمی زایینی هەوڵدانێک بێت بۆ دیاریکردنی مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد، کاتێك نیشتمانی کوردان بەسەر دوو ئیمپراتۆریەتی سەفەویی وعوسمانیدا دابەش ببوو، ئەوساتە یەك پارچەیی و یەکێتی کورد و نیشتمانەکەی گورزێکی کوشندەیان بەرکەوت، بەتایبەتی لە جەنگی چاڵدێران( ١٥١٤)ی زایینی و پەیماننامەی زەهاو (١٦٣٩)ی زایینی(عەلی،١٢٩:٢٠١٣).

ناسیۆنالیزم وەکو بەرنامە و بیروباوەڕی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەریی، پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی بە سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگە و ئاستی پەرەسەندن و بەرهەمهێنانەوە هەیە. بۆ کوردیش ناسیۆنالیزم وەکو چەمکێکی دژە داگیرکەرە، کە ئەرکی یەکەمی لە خەباتی رزگاری نیشتمانیدا چڕ دەبێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ناسیۆنالیزم چییە؟ ناسیۆنالیزم لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات، کە مرۆڤ لەم گەردوونە دروستبوون، لەدوای دروستبوونیان لەم جیهانەدا دابەش بوون، هەرتاقمێك تایبەتمەندی و هەستی نەتەوەیی خۆیی هەیە. دەتوانین چەندین پێناسە بۆ ئەم چەمکە بدۆزینەوە.

بۆ نموونە ناسیۆنالیزم : (بریتییە لە دڵسۆزی و خۆ تەرخانکردن بۆ نەتەوە یان نیشتمان). ناسیۆنالیزم : (بریتییە لە هەستی هاوبەشی شوناس و دڵسۆزی، کە پشت بە کەلتور و داب ونەریتی گشتی و مێژوو دەبەستێت). هەروەها ناسیۆنالیزم : (بریتییە لە چەمکێك، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەنێو ئەو گەلانەدا سەریهەڵدا، کە سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی خۆیان هۆشیاریان پەیداکرد، هەرچەندە دەوڵەتی نەتەوەییشیان نەبوو) (قەرەداخی،٣:٢٠١٣).

ڕیشە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوەیی کورد لە ( ڕەگەز، زمان، کەلتور، داب ونەریت.. هتد) ، بەقوڵایی مێژوودا ڕۆچووە. خۆشەویستی زێد شانازی بەخۆوە

کردن و بەرگری لەخاك لەپەلاماری بێگانەدا لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کورددا، نمونەی زۆرە ئەحمەدی خانی لەشاکاری مەم وزیندا، خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزە، کە تێکەڵ بە خۆشەویستی زێد و خاك دەکات، بەشێوەیەکی کوردییانە لە هۆنراوەدا دەیڕشتووە. هەروەها پاشتر لە سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای نۆزدەهەمدا گوتاری کورد بوون و، گرتنە دەستی دەسەڵاتی ڕامیاری و کارگێڕی لەلایەن کورد خۆیەوە، هەروەها مل نەدان بۆ خواستی سوڵتانی بێگانە و شاهنشا ستەمکارەکانی تورك و عەجەم لەبەرهەمی گوتاری چەندین هۆنەری کورد دا دەرکەوتووە(جوەیدە،٢٠٠٨:٧).

کەواتە نەتەوە ئەو خەسڵەتە بۆ ماوەییەیە، کە مرۆڤەکان لە یەکگرتنێکی گشتیدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ماف و ئامانجەکانیان هەوڵی بۆ دەدەن. لە بیرێکی ناسیۆنالیستیدا بۆ تۆمارکردنی ناسنامەی خۆیان لە مێژوودا خەباتی بۆ دەکەن، بەئامانجی گەیاندنی ئەوکۆمەڵگەیە بەخۆشگوزەرانی. دەکرێت لایەنی ئەدەبیش بەشێکی کاریگەر و بەرچاوی بواری خەباتی نەتەوایەتی بێت، کە دەکرێت لەڕێی ئەم ژانرەوە مافەکان ئاوێتەی یەکتر ببن، ئەمەش دەبێتە هەوێنی دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ مرۆڤەکان هەر ناسنامەیەکیان هەبێت. سەرەڕای ئەوەی کورد نەتەوەیە وئامانجی ناسیۆنالیزمەکەی گەیشتنە بەماف وداخوازییەکانی گەلی کورد بە تایبەت دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، بەڵام نەیتوانیوە ئەو مافە لە خەباتی نەتەوایەتی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنێت.

## تەوەرە یەکەم/ ڕێچکەی نەتەوەیی لەشیعری کۆندا:

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەنێو شیعری کوردیدا، لای شاعیرانی کورد لە کۆن ونوێدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی مێژووی بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی کورد، ڕەتکردنەوە وبەر پەرچدانەوەی ئەو ڕاستیە تاڵە بووە، کە لەم سەردەمەدا شاعیرەکانمان تیدا ژیاون، بەهۆی ئەوەی کورد نەتەوەیەکی چەوساوە بووە، خاکەکەی لەلایەن داگیرکاران و ئیمپراتۆریەتەکانی ناوچەکەوە دابەشکراوە و مافی پاراستنی لێ سەنراوەتەوە، بۆیە ڕێگەیەك کە توانیویەتی دەربڕینی هەستی نەتەوەیی خۆی و چەوساندنەوەی میللەتەکەی تێدا بگرێتە بەر ناوەندی ئەدەبیی بووە، بە تایبەتی شاعیرانی کۆنمان ئەم ئەرکەیان بەجێهێناوە.

لەدایکبوونی هەستی نەتەوایەتی لای ئەدیب و شاعیرانی کورد، ڕەنگدانەوەی ئەو بەرەنگاری و خۆ پاراستنە بووە، کە دەمی لەدایکبوونی... لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا گەڵاڵە بووە. ئەم هەستکردنە بەردەوام بە شێوەیەکی ڕیالیستی و یۆتۆپیایی لەگەشەکردندا بوو. ئەمەش پێچەوانەی هزرمەندانی میللەتانی دی بووە، کە سیمای بیروباوەڕی نەتەوەییان داڕشتووە. ئەم هەستەش بەشێوەیەکی شاراوە ئەو کاتە دەرکەوتووە، کە ئەدیبان و شاعیرانی کورد بۆ دەربڕینی هەستەکانیان پەنایان بۆ زمانی کوردی بردووە(بۆتانی،٢٠٠٦:١٢٣). هەست و خەم و پەژارەی خۆیان و نیشتمان و نەتەوەکەیان بە شیعر دەربڕیوە. مەبەست لە شیعری نەتەوەیی ئەو شیعرەیە، کە ئەرکی دەربڕینی خۆشەویستی دڵسۆزی و خەمی شاعیر بەرامبەر بە خاك و وڵاتەکەی تێیدا لەدایك بووە و ژیاوە. شیعری نەتەوەیی بۆ خۆی خۆشەویستی بۆ نەتەوە و هەستکردن بە پەیوەندی دەروونی ئەگەیەنێت، وا لە تاکی نەتەوە دەکات شانازی پێوە بکات و لەپێناویدا قوربانی بدات(ئیسماعیل،٢٠١٠:١٤٩). لەگەڵ زیادبوونی نەهامەتییەکانی میللەتی کورد و بە تێپەڕبوونی قۆناغی داگیرکاری و سەرکوتکاری ئیمپراتۆرییەتەکانی صەفەوی و عوسمانی، شاعیران بەگوڕ و تینەوە سەرکۆنە و دەردەڵی خۆیان لەبەرامبەر ئەو چەوساندنەوە و ناهەمواریيەدا پیشان داوە.شانازی بە بوونییەوە دەکات، کە گوزارشت لە هەست و هەڵوێستەکانی بەرامبەر خاکەکەی دەکات(خەیات،٢٠١٦:٢٢).

هەروەکو ئاشکرایە مێژووی ئەدەب ئاشنایەتییەکی زۆری بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، هەربۆیە یەکێك لەبابەتە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیك هەستی نەتەوەییە، کە هەستێکی سیاسییە وزادەی قۆناغێك وچەند هۆ و دۆخێکی تایبەتە لە خۆیەوە نایات، شاعیرانی کورد ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان هەبووە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی وبیروباوەڕی سیاسی بە ئاستێکی بەرز، بۆیە لێرەدا لەبەرگرنگی ئەو ڕۆڵە مەزنەی شاعیرانی کورد پێویستە ئاوڕ لە شاعیرێکی بەناوبانگی وەکو ئەحمەدی خانی بدەینەوە کەپێگەیەکی دیاری لەشیعری نەتەوەیی دا هەیە.

(ئەحمدی خانی)(١٦٥٠-١٧٠٧)شاعیرێکی بیرتیژ وڕوناکبیرێکی گەورەی نەتەوەی کوردە، هەستی نەتەوەیی لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەرچەندە پێش خانی شاعیری تر هەبوون باسی هەستی نەتەوەییان کردبێت، بەڵام ئەوەندە لاوازبوون، کە ناتوانرێ بکرێ بەبناغە بۆ شیعری نەتەوەیی. بۆیە خانی بەیەکەمین شاعیری ڕابەری نەتەوەیی دادەنرێت،کەداوای ئازادی وسەربەستی بۆگەلەکەی بکات. مەم وزین تەنها داستانێکی شیعری دڵداری ڕووت نیە، بەڵکو پڕۆژەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنە،پڕۆژەکە بیرمەندێکی مەزنی وەکو خانی بەرهەمی هێناوە بۆ دروست کردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی .

شاعیری کورد ئەحمەی خانی شاکاری مەم و زینی لە سەدەی حەڤدەیەمدا هۆنییەوە، ئەم شاکارە لای نەتەوەی کورد جوامێرییەکی نەتەوەیی دەگرێتەوە. ئەم داستانەش شانازی کردنە بە شوناسی کەلتوری کورد، کە لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیدا دەدۆزێتەوە. لەم شاکارەشدا کۆمەڵێك هۆکاری باش هەیە بۆ ئەوەی ئەحمەدی خانی بە پێشەنگی ناسیۆنالیزمی کورد بخاتە ڕوو. مەم و زین بایەخێکی چارەنوسسازی لە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا بینیووە(برۆنسن،٢٠١٢:١٩).

**گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەك ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك**
**ڕووم وعەرەب و عەجەم تەمامی هەمیان ژ مە ڕا دکر غولامی**
**(سائیب،47:2008)**

مەسەلەی نەتەوەیی و ئاواتی نەتەوەی کورد لای خانی هەر خەوی شاعیرێك نییە بۆ ڕزگار بوون لە داگیرکەرانی (عوسمانی - فارسی)، بەڵکو بینینێکی زانستی ئەو مەسەلەیەیە، کە لەگەڵ واقیع و توانای سەردەمدا ڕێك دەکەوێت. خانی گەوهەری مەسەلەی کورد لەسەردەمی خۆیدا، بە زاڵبوونی دوو ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی لەهەندێك بەشی کوردستان و هەوڵدانی لەناوبردنی دەسەڵاتی میرنشینانی کورد دا دەبینێ(ڕەسوڵ،٢٠٠٨:١٠٧). کەواتە دەتوانین بڵێین شاعیرێکی وەکو (ئەحمەدی خانی) لە مەم و زینەکەی دا تەواوی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمدا هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەو لە کاتێکدا (١٦٥٠-١٧٠٧) باس لە کوردایەتی دەکات، کەچی هێشتا ڕۆژئاواییەکان لە قۆناغی دەوڵەتی ئیمپراتۆریدا بوون. نالی شاعیریش شیعری کوردی هێندە بەرزکردەوە خستییە ئاستی شیعری فارسی و عەرەبییەوە، ئەو زاتە کە پاڵپشتی میرنشینی بابان بوو، حاجی قادری کۆیی لەخواترس و خەمخۆری نەتەوەکەی بە شیعرەکانی میللەت و میرەکانی کوردی ئاگادار دەکردەوە(ناوخۆش،٢٠٠٦:٣٩)نمونەی شیعری نەتەوەیی لای ئەحمەدی خانی، وێنەی کێشانیی ئامانجەکانی کوردە.

لەقۆناغی نێوان کۆن ونوێدا بیری نەتەوەیی هەنگاوی تازەی ناو، ئەم بیرە چووە قۆناغێکی نوێووە هەروەك دیارە لەحاجی قادری کۆیدا بەرجەستە دەبێ،

کەوەك یەکەم شاعیری کوردی بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دەنگێکی دیاری ئەم بوارەیە(حاجی قادری کۆیی) (١٨١٦-١٨٩٧) یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی لەڕووی شیعری نەتەوەییەوە بە میراتگری خانی دادەنرێت، نەیهێشتووە کانیاوی بیری نەتەوەیی خانی وشک بکات درێژەپێدەری ڕێباز و بیر و هزری خانی بووە، حاجی قادری کۆیی بە یەکێك لە هەرە شاعیرە شۆرشگێرەکانی کۆمەڵگەی کوردی دادەنرێت. شاعیری دیکەی کورد ڕەچەی ڕێبازی شیعر نەتەوەییان شکاندووە، بەڵام هیچ کامیان وەکو حاجی قادر وا بەقووڵی و فروانی پەرەیان بە شیعری نەتەوەیی نەداوە، ئەوهەست وخۆشەویستییەی بوون بە سەرچاوەی ئەم هەموو شیعرە بەرزانەی، کە بەچرایەکی ڕوونکەرەوەی نەتەوەی کورد دادەنرێت. بەپێی قۆناغ و سەردەمی سەرهەڵدانی لەناو سنور و بازنەی قوتابخانە شیعرییەکەی نالی و سالم و کوردیدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بەردی بناغەیان بۆ داناوە و بە قوتابخانەی شیعری بابان ناسراوە. خەسڵەتی ئەم قوتابخانەیە هەتا حاجی لە کۆیە و کوردستاندا بوو بەسەریدا دەسەپا، بەڵام دوای ئەوەی حاجی قادر ڕوودەکاتە ئیستەنبوڵ، ئیتر بە بیروباوەڕی کوردایەتی پەروەردە دەبێت، ڕێبازی شیعرەکانی لە بابەتی غەزەل و دڵدارییەوە بۆ سەر شیعری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، ڕێبازێکی نوێ دەگرێتەبەر. حاجی قادر جۆرێك لە سۆز و بیرێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کورد بەناوەڕۆکی شیعرەکانییەوە دەردەکەوێت(میران، شارەزا،٢٧:٢٠١١). حاجی گەیشتووە بەو ئاکامەی کە دەردی کوشندەی نەتەوەی کورد دوژمنایەتی و یەك نەگرتنی چین و وسەرپاکی ڕۆڵەکانی گەلەکەیەتی، هەر بۆیە لەم هەڵبەستەدا زۆر دڵسۆزانە داوای ڕێکەوتن و یەکگرتنی ڕۆڵەکانی هەموو تیرە و هۆزەکانی میللەتی کورد دەکات ، تاوەکو بەرابەر دوژمنانیان بوەستن، هەروەك دەڵێت:

**تا ڕێك نەكەون قەبیلی ئەكراد          هەروا دەبنە خەرابە ئاباد**

**(میران/شارەزا،٢٠١١:29)**

هەروەها دەربارەی حاجی قادر کۆمەڵێك کەس تێڕوانینی خۆیان لەبارەوە خستۆتە ڕوو، لەتوێژینەوەکانیان وایان دەرخستووە بۆنموونە (جەلادەت بەدرخان) سەبارەت بە حاجی قادری کۆیی نوسیویەتی: (حاجی قادری، خانیی دووەمە، ئەویش لە وێنەی خانیی بەدەردی نەتەوەکەیەوە دەسوتا، بەگشتی شیعرو هۆنراوەکانی لەبارەی گەل و وڵاتەوە نوسیوون) (بەدرخان،٨١٧:١٩٤١). هەروەها (جەلال تاڵەبانی)دەڵێت: (حاجی قادر یەکێکە لە شاعیرە پێشەنگەکانی نەتەوەیی کورد، بە دڵێکی پڕ لە غەم و بەچاوی خۆی بینویەتی کە میرایەتییە کوردییەکان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە یەك لەدوای یەك لەناو دەبرێن. بۆیە لەو چوارچێوەیەدا دێتە مەیدان و بانگەواز لە کوردان دەکات، لە پێناو رزگارکردنی ولاتەکەیاندا تێبکۆشن. بەڵام عوسمانییەکان زۆر لەشیعر و هۆنراوەکانی حاجیان قادریان سوتاندووە) (تاڵەبانی،٥٦:١٩٧١).

کەواتە دەتوانین بڵێین هەڵبەستەکانی شۆڕشێك بوون لە دژی کارەسات وخراپەکاری ناوژیانی نەتەوەی کورد وشۆڕشێك لە دژی ئەو شاعیرانەی هەر خەریکی عەشق ودڵداری بوون، لە دژی داگیرکەری کوردستان وچینی شێخ وتەکیە ودار ودەستەکانیان.(حاجی قادر)بەهەمان شێوەی (خانی)پەرەی بەبواری ڕۆشنبیری، شۆرشگێری نەتەوەییداوبوو، بە یەکێك لەهێماکانی شیعری نەتەوەیی ودەربڕی هەستی ناسیۆنالیزم لەلای کورد،لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەی کە خستمانە ڕوو دەرکەوت، هەستی نەتەوەیی لەنێوکوردا خاوەن مێژوویەکی کۆنە وەکو تەواوی گەلانی جیهان، بەم شێوەیە تاوەکو سەدەی بیستەم ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو، دواتر بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری وئابووری ناوچەکەوە، کاریگەری تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ، لەڕێگای ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا هەست وهۆشی نەتەوەیی وبەرزبوونەوەی ڕادەی هۆشیاری نەتەوەیی، گەڕانەوە بۆ کەلتووری دەوڵەمەندی ناوچەی هەورامان، کە شیعری کوردی بەرەو ئاراستەیەکی جیاوازدا برد، ڕێچکەیەکی دیکە لەشیعر و ئەدەبیاتی کوردی هاتەکایەوە، کە ئەویش ڕێچکەی شیعری نوێ کوردی یە.

## تەوەری دووەم/ ڕێچکەی نەتەوەیی لەشیعری نوێدا:

شاعیرانی کورد لە گشت چەرخ و سەردەمێکدا هەمیشە شیعرەکانیان وەك چەکێکی کاریگەر بەکارهێناوە، بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا، زیاتر لە بواری سیاسیدا ڕەنگی داوەتەوە، تایبەتمەندی ئەو بارودۆخەی نیشان داوە. هەندێ لە لێکۆڵەران ڕایان وایە، کە ئەدەبی کوردی لە جەوهەردا ئەدەبێکی بەرگرییە، چونکە ئەدەبی میللەتێکی بەرگریکەرە و لەدێر زەمانەوە بۆ پاراستنی نەتەوەیی خۆی هەموو چوست و چالاکییەکانی خۆی خستۆتە شەڕی بەرگریکردنەوە(سعدون،٣٨٧:٢٠١٨).

بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی، ڕەنگدانەوەیەکی گشتی کردە سەر ئەدەبی کوردی و شیعر بە تایبەتی، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڵگەن بۆ بزوتنەوەی ڕۆشنبیری، کە هۆشی میللەت بکاتەوە، هەستی نەتەوایەتی بجوڵێنێت، گەشە بە شیعر و ئەدەب بدات، بەهۆی شیعر ووتارەکانی نێو ئەم بڵاوکراوانەوە: (کوردتەعاون وتەرەقی غەزەتەسی)، (ڕۆژی کورد)، (بانگەکورد)، (هەتاوی کورد)بیری نەتەوەیی گەشەدەکات، بە تایبەتی(ڕۆژنامەی کوردستان) لەساڵی (١٨٩٨) بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت، لەمێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورد، هەروەها لە کاتی فەرمانڕەوایی مەلیك مەحمود لە سلێمانی، بانگی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال، ژیانەوە، پاشان گۆڕا بۆ ڕۆژنامەی ژیان، تا ساڵی (١٩٤٢)، (٤٠٦) ژمارەی لێدەرچوو.(لەساڵی (١٩٠٨) یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردی بەناوی کۆمەڵەی(تەعالی وتەرەقی کورد) لەساڵی(١٩١٠) دووەم کۆمەڵە بەناوی هێڤی دامەزرێنرا)(سعدون،٣٨٩:٢٠١٨)

هەردوو ڕێکخراوەکە ئامانجیان بەدیهێنانی مافەنەتەوەییەکانی کورد گەلی کورد بوو، بەهەمان شێوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە، ڕۆڵی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لەبڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کوردیدا دیارو بەرچاوە، ڕۆژنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە( ١/کانونی دووەم/١٩١٨-٢٧/کانونی دووەمی١٩١٩) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەردەچوو، بە سەرپەرشتی مێجەرسۆن و هاوکاری شوکری فەزلی، گەلێ بابەتی ئەدەبی، سیاسی، مێژوویی، شیعری شاعیرەکانی کوردی تێدا بڵاودەکرایەوە(ئەمین،١٤٣:٢٠١٣). پرۆسەی نوێخوازی ئەورووپا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەڕێگەی ئەستەمبوڵ ونووسەرە گەنجەکانی تورکیای عوسمانی کەوتە ناو فەرهەنگی میللەتانی ناو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وخەڵکانی تری ڕۆژهەڵاتەوە، پاشان دواتریش ئێمەی کورد، کە کاریگەری هەبووە لەسەربیری نەتەوەیی لای شاعیرانی نوێ قۆناغەکە. پرۆسەی نوێکردنەوە لەئەدەبی کوردیدا پڕۆسەیەکی دوور و درێژە ، ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، کەبناغەکەی لەسەردەستی شێخ نوری دامەزرا هەربۆیە شێخ نوری بەکاریگەری ئەدەبی نوێ تورکی ئودەبای فەجری ئاتی هەوڵی نوێکردنەوەی شیعردەدات(سعدون،٣:٢٠١٩). شاعیران بەسوود وەرگرتن لە بزاڤی شیعری نوێی تورکی، هێنانەکایەوەی زمانی کوردی پەتی و سروود و کێشی خۆماڵی و فۆلکۆری کوردی و بوژانەوەی کەلەپووری نەتەوەیی کوردەواری، لەو ڕێگایەوە گەشە یان بەبیری نەتەوەییدا، لەناو

شاعیرانی سەدەی بیستەمدا دەتوزیێت زۆرینەی شاعیران ئاماژە پێبکرێت، کە شیعر نەتەوەییان نووسیوە و ژیانی خۆیان خستوەتە مەترسییەوە لە پێناو داواکردن و باسکردنی مافە نەتەوەییەکانی میللەتەکەمان، بەڵام لەبەر سنورداری لیکۆڵینەوەکەمان لێرەدا ئاماژە با پێنج شاعیری دیاریکراو دەدەین، کە ئەوانیش:

شاعیر و رۆژنامەنووس و وتار نووسی هەڵکەتووی کورد(شێخ نووری شێخ صالح)(١٨٩٦-١٩٥٨)، کە بەیەکێك لەپێشەوایانی رۆمانتیکی کوردی ئەژمێرێت، خاوەن هەستی نەتەوەیی و شۆرشگێرێکی شیعری سەدەی بیستەمە، وەکو شاعیرێك پایەکی پتەو نەلەرزیوی لەمێژووی نەتەوەکەماندا هەیە. لەبواری رۆژنامەنوسیدا لەسەردەمی (شێخ مەحمودی حەفید)دا لە رۆژنامەکانی (بانگی کوردستان و رۆژی کوردستان)دا رۆڵێکی گەورەی هەبووە (عەبدولواحید،١٩٩٩:١٩). لەگەڵ هەڵگیرسانی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نیشتمانی و بەرپابوونی راپەرین و شۆرشەکان لەدژی داگیرکەران، دەستی دایە نوێبوونەوە و هاتە مەیدانی نوێخوازییەوە، چونکە هۆشیاری کۆمەلایەتی سیاسی و رووناکبیری گونجاوی پێ بوو. شێخ نووری وەکو ئازادیخوازێك چاوی بریبووە ئازادی و لە ئاسۆی دەروانی. لەبواری کاری رۆشنبیری هاوچەرخیشدا دابونەریتی شیعری پێ گۆری. شێخ نوری شێخ صالح بەهەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریەوە، یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لە شێوەی ئۆپەرێتدا لەژێر کاریگەری هزری نەتەوەییدا نوسیووە، کە دەربری دۆخێکی سیاسییە لە کوردستاندا.دەقەکەش بەناوی (ئینتیباه)هوە شاعیر دەڵێت:

**ئەولادی وەتەن ئێمە کەوا میللەتی کوردین**
**بــــۆ غایـــــەیی ئاسایشــــی مـــــیللەت هـــــەموو کوردین.(عەبدولواحید،499:2008).**

وەکو شاعیرێکی هۆشیار، کە بیری نوێی لە وەکو شاعیرێکی هۆشیار، کە بیری نوێی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، شانبەشانی شێخ مەحمودی حەفید دژی داگیرکەران و سیاسەتی ئینگلیز وەستایەوە. لەو سەردەمەدا بزاڤی رزگاریخوازی کورد دوو دەستە بوون، دەستەیەك سەر بە جەمعیەتی کوردستان بەرێبەرایەتی (مستەفا پادشای یامولکی، ئەم دەستەیە داوای مافی نەتەوەییان دەکرد، دەستەکەی تریش ئالای سەربەخۆییان هەڵکردبوو. شێخ نووری یەکێك بوو لەو شاعیرە رووناکبیرانەی لەگەڵ داوای سەربەخۆیدا بوو، کە شێخ مەحمودی هەڵگری ئالاکەی بوو(سدیق،١٩٩٩:٦).شێخ نوری کەسایەتییەکی بەتواناو فرە بەهرە بووە لەچەند بوار وکایەیەکدا خزمەتی کردووە.

(ئەحمەد موختار بەگی جاف)(١٨٩٨-١٩٣٥)یەکێکە لە شاعیرە دیار و بە هەڵوێستەکانی کورد، هەر لەو پێناوەیشدا ژینی خۆی بەخشیوە. تایبەتمەندیەکی دیاری شاعیر بابەتی خۆشەویستی خاك ونەتەوەیە، وەك رووناکبیرێك ئاوری لە کێشەی نیشتمانەکەی داوەتەوە، پەیامی رووناکبیرانەی خۆی ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی کردووە، لەوسەردەمەشدا شیعر چەکی مەزلومیەتی کورد بووە، گرکانی زەبوونی و بێچارەیی دەتەقێنەوە. ئەحمەد موختار وەك دڵسۆزێکی خاك و نیشتمان و نەتەوە بەردەوام هانی خەڵکی داوە بۆ لەخەو هەستان وهۆشیاربوونەوە لەبەردەم پێشهاتە نەخوازراوەکاندا، دیارترین شیعرێك لەم مەیدانە نووسیبێتی لیریکی(لەخەو هەڵسن)ە، کە بەبڕوای مارف خەزنەدار:(سروودی وریابوونەوە و هەڵمەتی راپەرینی کوردایەتی وبانگدانی خوێندەواری ورۆشنبیری بوو لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە باشوری کوردستاندا )(خەزندار،٢٠١٠:٤٨٧). لەم رووە دەڵێت:

لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ وهونەرتانە.

شاعیرداوا لەرۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکات، لەپێناوی خاکەدا یەکگرتووبن.

هـەروەها شـاعێرێکی دیکـەی هەڵکـەتووی کورد(حەمـدی) (١٨٧٨ - ١٩٣٦)، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ مەسەلەی پێشکەوتن و رزگاربوونی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی زانست خوێندەواری، بابەتی شیعریی لای حەمدی لە شیعری ئایینی و دڵ و دەروون و وێژدانیدا رەنگیان داوەتەوە. هزری کوردایەتی و نەریتی کوردایەتی وەکو شۆرشێکی بنەرەتی لە شیعری کوردیدا بەکار هێناوە(مەولود،٢٠١٣:١٣). حەمدی لەشیعری نیشتمانیدا دەوڵەمەندە، چونکە ئەو لەسەردەمێکدا ژیاوە، کە بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستاندا پەرەی دەسەند، حەمدی وەك نەتەوە پەرستێکی رۆشنبیر، ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بە خاك و نەتەوەکەی بەرێکوپێکی بەجێهێناوە. رێگای دروستی کوردایەتی بە ماندوو نەبوون و ئازارەکانی نەخشە کێشاوە و پەنجەی لەسەر زۆربەی کەموکوری و ناتەواوییەکان داناوە (سعدون،٢٠١٨:٣٩٥). بیری یەکێتی نەتەوەیی ویەك پارچەیی خاکی کوردستان، هـەموو ئـەو تێروانینانـەی لەشـیعرەکانیدا دەبینرێتـە روو، رۆڵـی گرنگیـان دەبێ لە هۆشیارکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری خەڵك، گەشەکردنی بیری نەتەوەیی وبزوتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەشیعرەدا رەنگی داوەتەوە کە دەڵێ:

**لە (وان) و(ورمێ)یە تاوەکو دەگاتە خاکی لورستان**
**لەتبلیس و دیاربەکر وجەزیرە تا خەتی سنجەر**
**ئەمە شەرقی شیمال ، غەربی جنووب ساحەی کوردە**
**کـە ئـەم ئـەرزە بـە تـووزێکی دەرێـژێ دیـدەی قەیسەر(مەولود:98:2015)**

**لەم قۆناغەدا، پرسێکی گەورە.**

شاعیریکی دیکەی نەتەوە(زێوەر)، کە ناوی عەبدوڵلا کوڕی محەمەدە فەندی مەلا رەسوڵە، ساڵی (١٨٧٥-١٩٤٨) لە گەرەکی کانێسکانی شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە. شاعیریش لەرێگەی شیعر و ئەدەبەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی کردووە، رۆڵێکی دیاری هەبووە لە پێگەیاندن و رێنوێنی کردنی نەتەوەکەی لەپێناو سەربەخۆی کوردستان، شاعیرێکی پڕ ئەزموونی پەروەردەیی و کوردایەتی و نمونەی خۆبەختکردن و خاوەن هەڵوێست بووە، بینیویەتی وا نەتەوەکەی لە ژێر باری ستەمی زەمان رۆژگار دەچەوسێندرێتەوە، دووره لە هەموو ناز و نیعمەتێك بۆ رزگاربوون لەم جۆرە ژیانە، شاعیر داوای تێکۆشان وبرایەتی وزانست وخوێندەواری کردووە، ئەمانەی بە بناغەی سەرکەوتن داناوە. هەروەها لەسەر رووداوە خوێناوییەکانی ساڵی (١٩٢٥) بە بۆنەی لەسێدارەدانی ناوداران و پیاوانی کوردەپەروەری کوردەوە بە دەستی کەمالییەکان، سۆزی نیشتمانپەروەری خۆی بە چەندین شیعری نیشتمانی دەربڕیوە(زێوەر،٢٠٠٣،١٠). ئەم شاعیرە لەگەڵ شۆرشی شێخ مەحمودی حەفید دا هاو سۆز بووە، شیعرەکانی باسی خۆ تەرخانکردنی شێخ دەکات بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و وەستانەوەی بەرامبەر بە ئینگلیز و داگیرکارانی کوردستان، لەپێناو بەدەستهێنانی ماف و خواستەکانی میللەتی کورد دا(زێوەر،٢٠٠٣:٩٣). لەم قۆناغەدا، پرسێکی گەورەی نیشتمانی لەشیعری شاعیرانی نەتەوەخوازدا رەنگیدابۆوە، ئەم شاعیرانە بەهەستی بەرز و خۆشەویستییان بۆ نیشتمان و خاکی کوردان، توانیان

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە بیری نەتەوەیی و هەستی شۆڕشگێڕێتی بەئاگا بهێننەوە لەم قۆناغەدا، لە سروودە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت:

**ئەی کوردینە ئەی مەردینە**

**بادەست لەناو دەست کەین هەموو**

**بۆبەرزێتی خاکی وەتەن بۆ یەکێتی**

**بچین هەموو کوردین هەموو.**

**(خەزنەدار:270:2010)**

هەروەها(دڵدار)ی شاعیر بە ترۆپکی شیعری بەرگری کوردی دادەنرێت، (١٩١٨-١٩٤٨)گرنگی دڵدار لەوەدایە، توانی بە شێوەیەکی چڕ ئەو ڕێگە درێژە بپێێدا لەخانی و حاجی قادرەوە شکۆفەی کردبوو، کە لەڕێگەی شیعرەکانیەوە خەڵکی بەرامبەر بە زوڵم وزۆرداری و هۆشیارکردۆتەوە، هانی داوە بۆ بەرەنگاری دوژمن، دیارترین سروودی دڵدار(ئەی ڕەقیب)، کە سروودێکی نیشتیمانی شۆڕشگێڕییەبووە بە ڕەمزی نەتەوایەتی، لەبەرئەوەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردبووی بە سروودی ڕەسمی)(خەزندار،٥٣٧:٢٠١٠).تێیدا شاعیر شانازی بە مێژووی دێرینی میللەتەکەیەوە دەکات و گیانی خۆڕاگری دووپات دەکاتەوە هەروەها ئەم سروودە بووە وێردی سەر زاری هەموو کوردێك و بەسروودی نیشتیمانی ناودەبرێ

**ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان**

**نایڕمێنێ دانەیی توپی زەمان.**

**(خەزنەدار،573:2010)**

دلداراله ئەی رەقیبدا خۆرسکانە بووە، بە سروودی نیشتمانی کورد، مێژوو وزمان وئێستا و داهاتووی کورد پێکەوە گرێدەدا، دەیکاتە هێمای مانەوە ئەم شیعرە هەڵقوڵاوی دۆخێکە شۆڕشەکانی کوردی تێدا سەرکوت کراوە، شیعری ئەی رەقیب تەنها (گوتاری مانەوە)نیە، بەڵکو سەردەمێکی تازەی شیعرەی لە ئەدەبی کوردی دەهێنێتەکایەوە، کە ڕاستەوخۆ بە گڕ ستەمی نەتەوەیدا دەچێتەوە،شاعیر تەنها خەمی خۆی نەیووە، بەڵکو ئازاری نەتەوەکەی ئازاری خۆی بووە، کە لەشیعرەکانی دڵداری خەباتگێر وررد ئەبێتەوە بەتایبەت شیعرەکانی (ئەی ڕەقیب - بڵێ ئەی لاو - گوڵی سوور- لاوی کوردان ) بەناخی شاعیرێکی ئازادا قووڵ ئەبێتەوە، کە گۆرانی بۆ خۆشەویستی خاك ونەتەوە چڕیوە، چاوی بڕیوەتە ئاسۆی ڕوونی دوارۆژی گەلی کورد.

بەم شێوەیە شیعری کوردی لەم قۆناغەدا هەنگاوی گەورە و کاریگەری ناوە لەڕووی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە، بەهۆی سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوە ڕامیارییە گرنگانەی بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا هاتن، خەباتە ڕامیاریەکەی ئەو سەردەمە چووە ناو دەقە شیعریەکانەوە. بەمەش ناوەرۆکی شیعری کوردی زیاتر ڕووی لەشیعری نەتەوەیی و نیشتمانی ڕامیاری کرد.

**تەوەری سێیەم/ ڕێچکەیی نەتەوەیی لەشیعری هاوچەرخی پێش ڕاپەریندا.**

بیری نەتەوەیی لەشیعری کوردی پێش ڕاپەڕین ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە سەپێنراوە بوو، کەبەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە، خۆی لەمەترسی لەناوچوونی گەلی کوردا دەبینیەوە،گەر سەیری بارودۆخی سیاسی و مێژووی کورد بکەین، لەساڵی(١٩٦١) تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق بە چەندین هەوراز و نشێودا تێپەڕیوون، نەتەوەی کورد بەردەوام لە ململانێ و بەربەرەکانیدا بووە لەگەڵ نەیارەکانیدا، بەردەوام لەخەبات و تێکۆشاندا بووە، لەسەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا هەستی نەتەوەیی زیاتر پەرەیسەند، هەر بۆیە شاعیرانی نیشتمانپەروەر زمان و قەڵەمی خۆیان کرد بە بڵێسەی مەشخەڵی کوردایەتی، شیعریان بۆ ئازادی کوردستان و بەگژداچوونەوەی دوژمنانی کورد دەنووسی، خوێنەران و شاعیرانی کورد لەشەستەکان و حەفتاکاندا، لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بە سوود وەرگرتن ئەزموونی محمود دەرویش لە کەش و هەوایەکی شۆڕشگێڕانەی گرگرتوودا - شۆڕشی ئەیلوول و لە شەستەکاندا و لە زەمەنێکی کوردانەی سەختدا وەك شاعیرێکی حەماسی وخاوەن زمانێکی شۆڕشگێڕانە پێشوازی لێیکەن لەڕاستیدا ئەم کەلتور ویستیە هەڵقوڵاوی مێژووی خەم و ئەخلاقی شۆڕشگێرییە دوور لە دەسەڵاتی حاکم و حکومەت لەنێوان شیعری دوو میللەت ڕووی داوە، شاعیری کورد سوودی لەتۆنی شۆڕشگێڕانەی باڵا و وێنە قووڵەکانی بینیووە، سەرباردەی مەحمود دەروێش و هاوەڵەکانی کردووە بە دەمامك یان بە بابەتێك بۆ بونیادنانی دەق، یان کردنیان بە بیانوویەك بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەدیبێك یان میللەتێکی دەربەدەر. دەکرێت بڵێین مەحمود دەورێش یەکەم شاعیری عەرەبە بە هۆی دەق (کوردستان)هوە لەسەرەتاکانی شۆڕشی کورد دا بەو خەیاڵ و هێزە هونەرییەوە، هێمەتی مرۆڤی کوردی بەرز نرخاندیێت. (صالح، ماغوت،٥٩:٢٠١٧)

شاعیرانی کوردیش لە ڕێگەی شیعرێکی زۆرەوە کە بۆ محمود دەرویش و میللەتەکی ئەیانووسی هاوخەمی خۆیان دەردەبری، باسی کاریگەریی شیعری بەرگریی فەلەستینیان دەکرد لەسەر شیعری بەرگریی کوردی، هەروەها دوابەدوای ڕێکەوتنی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق. دۆخی کوردستان گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگیری بە خۆیەوە بینی واتا، ڕێکەوتننامەی (١٩٧٠) نەك هەر لە ئاستی سیاسەتدا، شتێکی نوێی هێنایە کایەوە، بەڵکو گۆمی ئەدەبی کوردی و بیری شاعیران و ڕووناکبیری کوردی شڵەقاند، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی ئازاد دەردەچوون، بەبێ ترس کۆڕ و کۆبوونەوە سازدەکرا،

حەفتاکانی سەدەی بیستەم، سەردەمێکی زێڕینی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییە.یەکێك لەو بزوتنەوە ئەدەبییە نوێخوازییە کە بەگوڕ و تینێکی گەنجانە و ڕەخنەگرانە هاتەکایەوە بزوتنەوەی(ڕوانگە) بوو. شایەنی باسە یەکێك لەو کایە دیارانەی ڕۆڵی ئەرێنی بینیوە، ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی، لەم ڕوانگەیەوە شاعیری بەتوانا و پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەر و عاشق و کۆمەڵایەتی هەڵکەوتوون و کاریگەری شیعرەکانیان لەسەر خەباتی نەتەوایەتی ڕەنگیداوەتەوە.هەروەك (شێرکۆ دەڵێت :شەستەکان وەك گۆمێکی مەنگ وابوو، بەڵام ڕوانگە تاڕادەیەك گۆمەکەی شڵەقاند) (حەسەن،٤٦:٢٠٠١). شاعیران دوورەپەرێزی و خۆتەجمیدکردنیان ڕەتکردەوە.واتا نوسەر و شاعیران شانبەشانی پیشەی نوسین و شیعر وتن، (کارگێری- شۆڕشگێڕیی- جەنگاوەریی) دەکات، ئەو تاقیکردنەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەدیبانی تێدا دەژیان لە کورەی کارەسات و بەسەرهاتەکانیاندا جۆشیان دەخوارد، کە بە تاقیکردنەوەکانیان پوختترین ڕێگا و باڵاترین بەرهەمیان بۆ زەمەنی نوێ خولقاند(عارف،١٠:٢٠٠٥).

گرنگترینیان ئەمانەن: لای شاعیرێکی وەکو شێرکۆ بێکەس بریتییە لە: جیهانبینییەکی نەتەوەیی و ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان. واتە دەتوانین بڵێین (گەوهەری ستراتیژی نەتەوەییە)، نەك هەر ئەم شاعیرە، بەڵکو شاعیرانی تریش بنەمای شیعرەکانیان لەم چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە

(شێرکۆ بێکەس)(١٩٤٠-٢٠١٣) لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە، هەموو خۆشەویستی خۆی دەبەخشێت بە نیشتمان، نەك شیعری خۆی، بەڵکو

ژیان و شیعری دەبەخشێتە کوردستان. ئەو لە نیشتماندا ژیان دەبینێت، هیوا و ئومێد و جوانی و خۆشەویستی و مردن لای شێرکۆ لە یەك شتدا بوونی هەیە ئەویش نیشتمانە(ئەمین، میرە،٢٠١٨:٧٦). شێرکۆ بێکەس زمانی شیعرو خەیاڵی شیعری چیرۆکی ئەنفال و کیمیاباران وحوزەیرانی شەست وسێ وشەڕو کوشت وبڕو داستانەکانی شۆڕشی کورد دەگێڕێتەوە. شەهید ڕمزی نەتەوە و نیشتیمان وشیعرە، هەروەها باسی زامی کورد وکارەساتەکانی ڕابردوو دەکات، لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا خۆشەویستی وەکو ئازادی هەمیشە ئامادەیە. هەمیشە دروست دەکرێ و بەردەوام پێویستی بە پاراستن و تازەکردنەوەیە. کەی خۆشەویستی مرد دەشێت زیندوو بکرێتەوە، جارێك بە شیعر و جارێك بە شۆڕش و یاخیبوون، جاریکیش لە ڕێگای تێکەڵکردنی تەنیایی دوو مرۆڤەوە بەیەکتری. وەك چۆن کوردبوون لای شێرکۆ بێکەس هێنایە بۆ دۆخێك مرۆڤ تێیدا بەدوای ئازادیدا دەگەڕێت و ڕیزی ئازادی دەگرێت، ئاواش مەرجی سەرەکی لە عیشقی راستەقینەدا ڕێزگرتنی ئازادی کەسەکانە لە یەکتری (ئەمین، میرە ،٢٠١٨:٧٩). لەساڵی (١٩٦١) هوە، هەتا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق بەچەندین هەوراز و نشێودا تێپەڕیوون، کەم ڕۆڵەی هۆشیار و نیشتمانپەروەری کورد هەیە، چەند ساڵێك خەباتی چەکداری نەکردبێ، شایەنی باسە ئەم بەشدارییە نمونەی شاعیری وای تێدا هەن، دەتوانین بە چاوی شۆڕشگێڕێکی مەزنەوە لێی بڕوانین، لە نمونەی شێرکۆ بێکەسی نیشتمانپەروەر، کە لەسەنگەری ئەدەبدا، چەکی دەستی شیعرە(ئیسماعیل،٢٠٠١:١٩٨).لەپێناو نەتەوە و ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، (لەتیف هەڵمەت ١٩٤٧...)، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، گروپێکیان دامەزراند بەناوی (گروپی کفری)، دامەزراندنی ئەم گروپە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی شیعری کوردیدا، هەروەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی بەتایبەت شاعیرانی نوێخوازی وەکو: (عبدالوهاب البیاتي، نزار قباني، بدر شاکرسیاب، محمود درویش)، هەروەها هەندی لە ژمارەکانی گۆڤاری (شیعر)ی لوبنانی دواتریش گۆڤاری (الکلمه ٩) یان دە خوێندەوە، کە لە نەجەف دەردەچوو دواتریش گۆڤاری شعر (٦٩) ی عێراقییان دەخوێندەوە، کە لە بەغدا دەدەچوو وهەروەها گۆڤاری (المعلم الجدید)دا شیعری مایاکۆفسکی و بۆدلێر و مالارمیە و نازم حیکمەت شاعیرانی تری نوێخوازی جیهانیان دەخوێندەوە وسوودیان لە ئەزموونی هەموویان وەرگرت، بڕیاریاندا لە بازنەی شیعری باوی کوردی دووربکەونەوە، لەکاتێکدا ئەم گرووپە سەری هەڵدا، کە سەرجەم نەتەوەی کورد سەرقاڵی سیاسەت و سیاسەتکاریی بوو، گروپی کفری وەکو بۆمبایەك تەقییەوە و سیاسەتمەدارانی تۆقاند، بە شاعیران و نوسەرانیشی گوت ڕێگا و ڕێبازەکان کۆن بوون و ڕاپەڕن، ڕێگا و ڕێبازی دی بدۆزنەوە(سەعدون،٢٠١٠:٩٩). لەتیف هەڵمەت سەبارەت بە ناوەڕۆك و بەیاننامەی روانگە دەنوسێت: (بەیاننامەی روانگە بە ئەقڵکاری و هۆشیارییەوە نووسراوە، تا رادەیەکی زۆر موحافیزەکارانەیە و باسی راپەڕین نەتەوە و ئەدەبی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی دەکات، نەك شۆڕشی ئەدەب، دژی ئەو دەقانەیە، کە بە لاسایکردنەوە و باوەوە خەریکن. زیاتر پەل بۆ گۆڕانکاریی و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان و کێشەی نەتەوە دەهاوێ)(هەڵمەت،٢٠١٢:٨١). چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و باری ئاڵۆزی نەتەوەکەی، ئاشنایەتی لەگەڵ بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەدا زیاتر هانی (لەتیف هەڵمەت)یان داوە، بۆ ئەوەی لە ناخی پڕ کارەساتی چەوساوە و هەژارانەوە بیرەکانی هەڵبقوڵێ. گەر لاپەرەکانی دیوانەکانی هەڵدەینەوە، دەبینین بە زۆری شیعرەکانی باسی خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی دەکات (سەعدون،٢٠١٠:١٢٢).شاعیر بەتایبەتی لەنیوان هەرەس و هەستانەوە لەحەفتاکان و هەشتاکاندا زۆرێك لە شیعرەکانی تام وبەرامەی خۆشەویستی خاك و نەتەوە یاخیبوونیان لەخۆگرتووە.

(ڕەفیق سابیر) (١٩٥٠-...)، یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخە دیارانەی کورد، کە دیارترین هۆنراوەی بەناوی (لاوکی هەڵەبجە)لەساڵی (١٩٨٩)، کەتێدا شاعیر باس لەکارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدەکات، کە وێنەی شیعری فەنتازی ئامێز، بەرووداوی راستەقینە دەخولقێنێت. وێنە لای ڕەفیق سابیر زادەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی نوسەرە لەبونیاتنانی دەقێکی ئەدەبی نوێدا. ئەمەش بێ هۆکار نییە وێنە ڕەنگ بداتەوە وەکو بنەمایەکی گرنگ لە شیعری نوێدا، بە پێچەوانەی شیعری کۆن و کلاسیك. ڕەفیق سابیر شاعیری جوان نوسین و هەست پەرشکردن بە جیهانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. لەناو دەقەکانیدا هەست دەکەیت ئەم شاعیرە فۆرمێکی تایبەتی نوسینی وەرگرتووە، زۆر بابەتییانە خزاوەتە ناو گێڕانەوەی ڕووداو گەلێك، کە هەناسەی نەتەوەیەکی ماندوو بەسەر پشتی کەشتییەکەی نوحەوەیە، لە ترسی تۆفان ناتوانێت دابەزێت(نەجمەدین،٢٠١٨:١١٣). ڕەفیق سابیر شاعیری شیعری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی هیچ کات بەسەر شوناسی ڕووداو دا تێناپەڕێت، جامانەی کوردی ناخاتە سەری هیچ شیعرێك، تا لە چاوەکانییەوە نەچێتە ناو ئاواز و مەینەتییەکانی ڕووداو. شیعر هونەرێکی زمانی و چڕترین ژانری ئەدەبییە، کە بەهۆیەوە جوانی و سروشتی فرە ڕەنگی و فرە دەلالەتی زمان دەردەکەوێت. بۆ ئەوەی لە ڕاستی دانەبڕێین، دەبێت هونەرمەندانە بژین. شیعر وەك هونەر ئاسوری بیرمان بەرین و لەناخەوە ئازادمان دەکات، ئازادی بەرەو بوێری و یاخیبوونمان دەبات، تا لە دەرەوەی خۆمان بەدوای ئازادیدا بگەڕێین داکۆکی لە ئازادی بکەین، بەرەنگاری داگیرکاری و ستەم سەرەتا لە شیعردا دەردەکەوێت، لە رەوشی خەباتی رزگاریخوازیدا شیعر لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا دەبێتە بڵندگۆی یاخیبوون و ئازادی و پێشەنگی ئەدەبی بەرگری نەتەوە(سدیق،٢٠١٨:١٣٥).لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم شاعیرە بە زمانێکی جیاواز دەربڕینی شیعری سەبارەت بە مانا و کلتور و نەتەوە بەرهەمدێنێت.

(عەبدوڵڵا پەشێو) شاعیرێکی نیشتیمانپەروەر و بەرگریکارێکی سەرسەختی نەتەوەکەیەتی و هەر خۆشی دەڵێت:(شیعری حاجی پەروەردەی کردووم)( عزیز،٢٠٠٦:٢٤). بەردەوام بیری شۆڕشگێڕی لەنێو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، گوزارشتی لە ئازادی وسەربەستی کردووە، گەرچی عەبدوڵڵا پەشێو لەسەرەتاکانی (١٩٧٠) کوردستانی جێهێشتووە، ژیانی تاراوگەی هەڵبژاردووە، بەڵام خۆشەویستی بۆ خاکەکەی وای لێکردووە، لە دوورە وڵاتیشەوە بەشیعر بەرەنگاری دوژمن بێتەوە بۆ نموونە لەشیعری (شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم) ئەوە زیاتر روون دەبێتەوە، کە شاعیر کوردستانی هەر وەك گیانی خۆی خۆش دەوێت، چونکە زێد و مەڵبەندەکەیەتی و لەوێ لەدایك بووە و پێگەیشتووە.

لەدوای ساڵی (١٩٨٨) کورد بە ڕۆژگارێکی خوێناوی وتەم ومژاویدا تێپەڕیوە، کە ئەو ڕووداوانەش کارەساتێکی گەورەی مێژوویە، کاریگەری کردۆتە سەر زۆربەی گەلانی جیهان وناوچەکە بەتایبەتی، هەر لە جینۆساید، بەعەرەبکردن، ڕاگواستن، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، کوشتن، لەسێدارەدانی هەزاران گەنجی بێتاوان، بەگشتی چەند سیمایەکی هونەری لە شیعری کۆتایی شەستەکان و هەفتاکانی قۆناغی شیعری کوردی هەن، کە هاوبەشن و لە ئەزموونی زۆربەی شاعیران دەبینرێت و ڕەنگییان داوەتەوە، کە هەرە دیارترینیان، بیری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی و گوزارشتکردنە لە

مێژووی نەتەوەیەكی چەوساوە و ژێر دەست، ئەم گوتارە لە شیعری كوردیدا، درێژ دەبێتەوە تا كۆتایی نەوەدەكان و ڕاپەڕین، بەڵام بە دنیابینی جیاوازەوە بۆنموونە: لە شیعری هەشتاكاندا، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لە شار دەنووسرێن و ڕەنگدانەوەی گیانی بەرگریی و شۆڕشگێڕیی و نەتەوەیین، سیمبول دەبێتە بەشێكی سەرەكی لە زمان، چونكە بە هۆی نەبوونی ئازادیی و ستەمی بەعس لەو قۆناغەدا، شاعیرانی كورد پەنا دەبەنە بەرسیمبول بە تایبەتیش، كە ئەو قۆناغە بە قۆناغی ڕەشبینی و نا ئومێدی دەناسرێتەوە. بەم پێیە ڕێچكەیی بیری نەتەوەیی لەشیعری قۆناغی پێش ڕاپەڕین هەڵگری سیمای بیری كوردایەتی و بەرەنگاری بووە، كەڕۆڵیان هەبووە لە هۆشیاركردنەوەی وهاندانی خەڵكی بۆ خەبات و شۆڕش و ملكەچ نەكردن تاوەكو بوو بە هەوێنی ڕاپەڕین و قوناغێكی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی.

## بەشی دووەم/ ڕێچكەیی نەتەوەیی لەشیعری هاوچەرخی پاش ڕاپەڕیندا.

ڕاپەڕین وەرچەرخانێكی مێژووی گرنگ بوو ،كە تێدا كۆتایی بەو ستەمە سیاسی ونەتەوەییە هێنا، كە ساڵانێكی زۆربوو ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق بەرامبەر بە نەتەوەی كورد پەیڕەویان دەكرد. هەروەک ئاشكرایە هەمیشە ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی بە ڕەنگدانەوەی سەردەمەكەی خۆی دەناسرێتەوە، هەموو سەردەمێك پێویستی بە ئەدەبێكی تایبەت بەخۆی هەیە، كە ئاوێتەی سەردەمەكەی بێت گەلی كورد بەردەوام بۆ ڕزگاری وسەربەستی هەوڵیداوە، هەموو ئەو دەستكەوتانەی، كە لەڕاپەڕین بەدیهاتن بەرهەمی سەدان ساڵەی خەبات و قوربانی دانبوون، دوای ڕاپەڕینە مەزنەكە گۆڕانكاری گەورە لە سەرجەم بوارەكاندا هاتە ئاراوە، چونكە(لەپاش هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێك چەندین گۆڕانكاری لەسەر ئاستی ژیانی كۆمەڵگە ڕوودەدەن ، ئەدەبیاتیش لەو چوارچێوەیە دەرناچێت، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی(١٩٩١) كوردستانی عێراق جۆرە ئەدەبیاتێك بەخۆیەوە دەبینێت پێی دەوترێت (ئەدەبیاتی ڕاپەڕین) (عەزیز،٥٥:٢٠٠٦) .

ڕاپەڕین، قۆناغێكی نوێی هێنایە كایەوە، كە قۆناغی وەدەرنانی داگیركار و فەراهەمكردنی ئازادی و دیموكراسی بوو لە كوردستاندا، پێش ڕاپەڕین ئەركی ئەدەب و شیعر بریتی بوو لە هاوكاری و هاوسەنگەری لەگەڵ شۆڕش و خەباتی سیاسیدا، پێش ڕاپەڕین شیعر هاندەری جەماوەر وشۆڕش بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، بەڵام ئەم ئەركە لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانی بەسەردا هات و وەكو جاران نەما، ئازادی و دیموكراتی دوای ڕاپەڕین زەمینەیەكی لەباری خولقاند، بیركردنەوەی ئەدیب و شاعیرانی تا ڕادەیەك بە خەملیوی گۆڕی، سەرەڕای ئەوەی هێشتا بەرهەمە هونەرییەكان گۆڕانی ڕیشەییان بەسەردا نەهاتبوو. دوای ڕاپەڕین ئەدەبی لە كۆمەڵەوە بۆ ناخی تاك وەرچەرخاند، بەمەش گەورەترین شۆڕش لە ئەدەبیاتی كوردیدا ڕوویدا. واتە لە دوای ڕاپەڕین قۆناغی (من)ی كۆی شاعیر، كە (من)ی نەتەوە و شۆڕش و كۆمەڵ بوو، لای هەندێك لە شاعیران ماڵئاوایی كرد(ئیسماعیل،٧٦:٢٠٠٣).

شاعیرانی كورد لەدوای ڕاپەڕین، لە ژێر كاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا پێشوازیان لە ئەزمونی محەمەد ماغوت كرد، كە جەخت لە دووركەوتنەوەو گوتاری گلەیی لە نیشتیمان دەكاتەوە. هەرچەندە شاعیرانی حەفتاو هەشتاكان ئاگاردارى ئەزموونی شیعری محمد ماغوت بوون، بەڵام شاعیرانی كورد پیشوازیان لەو ئەزموون دواخست تاوەكو ڕاپەڕینی جەماوەری بەهاری ساڵی (١٩٩١) دامەزاندنی پەرلەمان و حكومەتی كوردی و دەزگای جۆراو جۆرو دەرچوون، لەژیانی شۆڕش و گواستنەوەی بۆ ژیان و لەژێر سایەی حكومەتێكی نیشتیمانیدا . بەداخەوە شەری برا كوژی بەرپابوو هیزی حكومەتی پەك خست بۆشایی كەوتە نیوان نیشتیمان و دەسەڵات و هاوڵاتییەوە، كە ئومێدی هەبوو وچاوەروانی دەستكەوتی زۆربوون لەنیشتیمان وتێكۆشەرانی جاران. ئالێرەدا هەستێكی جەرگ برانەی ڕەش و گلەیی ئامێز لەشیعری ئەم قۆناغەدا ڕەنگی دایەوە، شاعیری ئەم قۆناغەی كورد ستایلێكی وەهای رام كرد پڕبوو لە حاڵەتی تێكشان و پەرتبوونی ڕوحی تاك، لەڕێگەی وێنەی تەم و مژاوی و شتەكانیان وەها دەردەیڕی، كە خەون تێدا ست ئەبوو وێنەی دووركەوتنەوە لە نیشتیمان تێیاندا ڕەنگی ئەدایەوە، ئەم تۆنە ماغوتییە بەرهەمی بارودۆخێكی قورسە، كە دژی زەوتكەرانی ئازادییە لە حكومدا.لە شیعردا بووە بە دیاردەیەكی ڕاستەقینەو بڵاوبۆوە (صاڵح، ماغوت ،٦٩:٢٠١٧) بواری زیاتر ڕخسا بۆئەوەی شیعری ماغوت دەروازەیەك بدۆزێتەوە بۆ نزیكبوونەوە لەدیمەنی شیعری نەوەی سێیەمی كوردی دوای ڕاپەڕین، شاعیرانمان لەم زەمینەدا لەجیاتی ئومێد جەرگبڕی خەون هەڵوەرینیان دەدا.

لەدوای ساڵی (١٩٩١) لە باشوری كوردستان ئەركی ئەدەب و ڕۆشنبیری كوردی گۆڕانی بەسەردا هات، گروپ و ڕەوتی نوێ دروست بوون، كە دژی واقیعی چەوساوەی ناوخۆی باشوری كوردستان وەستانەوە و وەكو خۆی پەسەندیان نەكرد، تەنانەت نوسەر و ئەدەبیەكانیش لەڕێی دەقەكانیانەوە ناڕەزایەتی خۆیان لەو بارودۆخە دەردەبڕی. قۆناغ دوای قۆناغ ئەم دۆخی نارەزایەتییە گەشەی دەسەند(میرە، ٧٧:٢٠٢٠).

یەكێك لەو شاعیرە دیارانەی دوای قۆناغی ڕاپەڕین بە مەسەلەی شیعری ناسیۆنالیزمییەوە دەقی گرتبوو، (شێركۆ بێكەسە) بەتایبەت لەدیوانی (ئێستا كچێك نیشتیمانمە) شاعیر تا كاتی نووسینی دیوانی ئێستا كچێك نیشتیمانمە هەموو شتێك لە پێناوی نیشتیمان دەنووسێت، بەڵام لەم دیوانەدا زۆر جیاواز دەردەكەوێت، چیرۆكی بێ ئومیدبوونی خۆی لەمەعشوقە كۆنەكەی دەگێڕێتەوە، دەیكاتە بنەمایەكی نوێ بۆ جیهانبینیە یاخییەكەی خۆی بۆ نیشتیمان وەدەڵێت:

**لە ئێستەدا دەموچاوی نیشتیمان**
**لە دەموچاوی پەنجەرەیەكی چڵكن ئەچێ**
**كە بەردەوام داخرابێ و گرژومۆن و ساڵی جارێك پێنەكەنێ**
**.(بێكەس:66:2011).**

(شێركۆ بێكەس) بەڕوونی ڕەهەندی كوردبوون لەدەقەكانی ئەم شاعیرەدا ڕەنگیداوتەوە، بەڵام كام كوردبوون بە چ مانایەك!. بێگومان كوردبوون بە مانا ناسیۆنالیستە بەرتەسكەكەی نا، بەمانا ئەتنیە داخراوەكەی نا، بەڵكو كوردبوون وەكو دۆخی دەركردنی كۆمەڵێك مرۆڤ بە زۆر بۆ دەرەوەی مێژوو و دەرەوەی زەمەن. دونیابینی شاعیر و هەڵوێستی سیاسی ئەو دەربارەی ڕووداوەكانی ناو كۆمەڵگەی كوردی، لە دۆخێكی قوڵدا بوو. ئەم شاعیرە لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا لە باشوری كوردستان ڕەخنەی لە زوڵم و چەوساندنەوەی كۆمەڵگەكەی دەگرت،كە دەسەڵاتی كوردیی شۆڕشگێڕانی دوێنێ جێبەجێیان دەكرد(میرە، ١٠٨:٢٠٢٠). كارە شیعرییەكانی شێركۆ بێكەس بەوە خۆی لە تەواوی شیعری كوردی (لەسەرەتاوە تا ئێستا) جیادەكاتەوە، كە زۆرترین كاری لە بواری (بەشیعری كردن مێژوو) كردووە، كە باس لە مێژووی سیاسی كورد و ڕووداوە مێژووییەكانی كورد دەكەن، هەر لە شۆڕش و پێشمەرگە و خەباتەوە تا ئەنفال و هەڵەبجە و شەهیدان، بەردەوام قۆناغ دوای قۆناغ كردوویەتی بە شیعر. شێركۆ لەپێش زۆرینەی شاعیرانی كوردەوەیە لە چەندێتی و چۆنییەتی بە شیعركردنی مێژوو.

ئامادەیی بەردەوامی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لەنێو ئەدەبیاتی کوردی بە درێژایی (١٩٥٧-٢٠١٠)، واتە پەنجاو سێ ساڵ هەمیشە بوونی هەبووە و بەردەوامیش بەرهەمی نوێی هاتۆتە پێش. شایەنی باسە ئەوەی ئەو لەزمانی شیعردا کردوویەتی هەر ئەوەیە، کە مێروولە بۆ شارەکەی خۆی دەیکا هەر ئەوەیە، کە باخەوان بۆ باخەکەی دەیکا. ناشبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکەین، سەرەڕای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی شێرکۆ، بەڵام چەندین هەڵبەز و دابەز بەشیعرەکانی شێرکۆ دیارە، لە هەندێك شوێن گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا، لە هەندێ قۆناغیش بە ئاستی جیاجیا، شیعرەکانی توشی ڕامان و گومان دەبێت(خەلیل،٢٠٢٠:٤٦٩).

لە سیما دیارەکانی هاوچەرخێتی شیعری کوردی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین شێرکۆ بێکەسە. شێرکۆ دیارترین شاعیری بەرهەمهێنانی زمانی خۆ دەربڕینی دوو سیمای هاوچەرخی کوردییە، سیمای قارەمان/ قوربانیی، شیعری ئەو بەردەوام لە زمان و فۆرمی نوێدا بۆ ئەم خۆدەربڕینە گەڕاوە و داهێنانێکی گەورەی لە بواری فۆرمدا هەبووە، بەجۆرێك کە هەر تازەگەرییەك بەندە بە هەڵوێست لەو زمان و گێڕانەوە و فۆرمە شیعرییانەی شێرکۆ بێکەس بەرهەمی هێناون.

شیعری دوای ڕاپەڕین، بە تەنها شوناسەکەی لە قۆناغێک و زەمەنێکی دیاریکراودا بەرجەستە نابێت. هاوکات لە هەریەک لەو قۆناغانە، کۆمەڵێک شاعیرو دەقی شیعری دەرکەوتوون، کە دەبێ لە ئاستی فۆڕم و ناوەڕۆکدا لە یەکتریان جیابکەینەوە. شیعری دوای ڕاپەڕین، دەستەواژەیەکی ئەدەبی گشتگیرە. واتە ئەو شیعرانەی دوای ڕاپەڕین نووسراون، کەواتە ئەو شیعرانە، دەقی ئەو شاعیرانەش دەگرێتەوە کە شاعیری بەرلە ڕاپەڕینن، بەڵام شیعری دوای ڕاپەڕینیان هەیە. یەکێک لە ڕەگەزەکانی شیعری دوای ڕاپەڕین سەرهەڵدانی منە. ئیتر دەق دەیەوێت گوزارشت لە ڕوحی تاک بکات، نەک ڕوحی میللەت، کە لە شیعری شەست و هەفتاکان دەبینرێت). ڕوون و دیارە کە شیعری دوای ڕاپەڕین بە گشتی ئەزموونێکی خود گەراییە لەوەی بابەتی بێت. دیارە ئەمەش بۆ گۆڕانکاری لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی مرۆڤی کورد دەگەڕێتەوە(مەلا،٢٠١٩:٩٦).

بەدینەهێنانی ئایدیاکانی شۆڕش و سەرگەردانییەکانی مرۆڤی شۆڕشگێڕ و ئەو بەشەی کۆمەڵگا، کە چارەنوسی خۆی بەم بەهایانە و شۆڕشەوە گرێداوە، زەبرێکی گەورەیە لە شیعری هاوچەرخی دوای ڕاپەڕین، شێرکۆ بێکەس لە هەڵبەستە شیعرییەکانیدا، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین و لە دیوانە شیعری (ئێستا کچێك نیشتمانمە)، لەبری قارەمانی نەتەوەیی، کە نیشتمانە قارەمانەکەی ئەو کچێکە، کە لەبری سەرگەردانیی نیشتمانی قۆناغی دوای ڕاپەڕین دەیچوێنێت بەم نەوە سەرگەردانەی، کە لە نەوەکانی پێش خۆی دابڕاوە و نیشتمان لای سیمای دایکێکی خۆشەویستی داگیرکراو و دواتر غەدرلێکراوی نییە، بەڵکو نیشتمان وەکو ئەو باوکە دەردەکەوێت، کە خەمی ڕۆڵەکانی ناخوات، لێرەدا قارەمان خەم بۆ چوارچێوەیەك لەبەختەوەری دەخوات نەك بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، کە خەونی قارەمانانی نەوەی پێش ڕاپەڕین بوو... داواکارییەکانی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە نوێیە بریتییە لە هاوڵاتیبوون و مافەکانی هاوڵاتی(ئەمین، میرە،٢٠١٨:٨٧) . شاعیر تا کاتی نووسینی دیوانی ئێستا کچێك نیشتیمانمە هەموو شتێك لە پێناوی نیشتیمان دەنووسێت، بەڵام لەم دیوانەدا زۆر جیاواز دەردەکەوێت، چیرۆکی بێ ئومیدبوونی خۆی لەمەعشوقە کۆنەکەی دەگێڕێتەوە، دەیکاتە بنەمایەکی نوێ بۆ جیهانبینیە یاخییەکەی خۆی بۆ نیشتیمان .

(لەتیف هەڵمەت)، وەکو شاعیرێکی نەتەوەخواز و هەڵگری خەم ونەهامەتی میللەتەکەی، تانە لەو شەڕە نەگریسە دەدات، کە شۆڕشگێڕانی دوێنێ و دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ بەرپایان کردووە، شاعیر ڕۆچۆتە نێو نەهامەتی خەمی میللەتێك، قێزەونی پێکدادان و لەدەستدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بە ئازارەوە سەرکۆنە دەکات. لەتیف هەڵمەت ڕەمز و کۆدی جیاواز بەکار دەهێنێت لە داڕشتنی شیعرەکانیدا، دوای ڕاپەڕین خەونی ئەم شاعیرە، لە خەیاڵێکی هیواداراوە بۆ نائومێدییەکی شاراوە و قەتیسبوو هەنگاو دەنێت، بۆیە لەم قۆناغەدا ویژدانی خوێنەر دەکاتە ناوبژیوان و زوڵمی دەسەڵات و بێدەنگی خوێنەر هەردووکیان بە زوڵم دادەنێت(شەوڕۆ،٢٠١٩:٣٣١). دونیای شیعریی دوا ڕاپەڕین، بەتایبەت دەقەکانی ناو (دیوانی گورگەکان) (١٩٩٧)کە زیاتر ڕەخنە ئامێزن چەند هێڵێکی نوێی بەرهەم هێنا، کە دەتوانین بڵێین ( ئەم شاعیرە جوانی گوتن و ڕیتمی ناوکۆیی بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە)، جوانی گوتن و ڕیتمی ناوکۆیی بە هەستی نەتەوایەتی و دەروونی و سیاسی موتوربە دەکات، پەردە لەسەر حەقیقەتێکی دیاریکراو هەڵدەداتەوە،(لەتیف هەڵمەت)، وەکو شاعیرێکی دیار بەرچاو دەکەوێت. دەکرێت بڵێین، بەڵگەنەویستیی حەقیقی لای لەتیف هەڵمەت بریتییە لە تێکەڵکردنی هەستی تاکگەرایی و هەستی نەتەوایەتی پەردە لەسەر حەقیقەتێکی دیاریکراو هەڵدەداتەوە، لەشیعری (سەرەتای پرسیارەکان)دا شاعیر دەیەویت لەڕێگای پرسیارێکەوە دەسەڵاتی خۆماڵی کوری ڕاچڵەکێنێت و دەڵێت:

**ئەی ئیتر بۆ نان و بەرگ و مناڵانی شەهیدەکانمان دەدزن**
**بۆ تەنانەت کفن و گڵکۆی شەهیدەکانمان دەفرۆشن**
**بۆناترسن**
**شەهیدەکان ئەم هەفتەیە لەتوێی کفن وگڵکۆ دەرچن**
**دەس بەنەوە تفەنگ و ئەمجارەیان ڕووبەڕووی ئێوە بوەستن.(هەڵمەت:2014:666).**

(ڕەفیق سابیر)، ئەزموونی شاعیر هەمان ئەو ئەزمونە هێمنەیە، کە پێش سەفەری تاراوگە پەیڕەوی لێکردووە. ئەو دەڵێت: سەبارەت بە ئەزمونی شیعری من پەیوەندی بە کەسایەتی خۆم و پەروەردە و هەڵکشانی تەمەن و ئەزمونی ژیانەوە هەیە. کەرەستەی شیعر لە شێوەی داهێنانێکی نوێدا ماناو فۆرم و ناوەڕۆکی تایبەت وەردەگرن، بەکارهێنانی کەرەستە لای شاعیر زمانە. شاعیر لەڕێی زمانەوە هەست و هزر و جیهان و تایبەتمەندێتی خۆی دەردەخات. شیعری کوردی بە تایبەتی دوای ڕاپەڕین ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی قەیرانی سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی و کولتوریی باشوری کوردستانە، بەرهەمی دۆخی پڕ ستەم و فەسادی و بێدادییە، کە وڵات لای گەلەکەی بۆتە زیندانێکی گەورە. کۆمەڵی کوردستان نەیاتوانیوە سادەترین پێداویستی ماددی و ڕۆحییەکانی مرۆڤ دابین بکات، دوای نیو سەدە قوربانی و ئەنفال، کوردستان لەداگیرکاری بێگانە ڕزگاری بوو، بەڵام لە ئامێزی داگیرکەرێکی ناوخۆییدا گەورەترین نائومێدی بۆ خەڵکەکە دروست کرد(سدیق،٢٠١٨:١٣).هەروەها یەکێك لەو شاعیرانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە هەر لەساڵی (١٩٩٢) هوە بەتەواوی جێگای خۆی گرتووە،واتە بەرهەمی لە(وای وەرزی بەردین)،لە شیعری (ڕێگاکان ناپاکترین دەلیلن ) ڕەخنە ئامێزە ، ئەم شاعیرە وەکو یەکێك لە بەرهەمهێنەرەکانی گوتاری نەتەوەیی کورد، کە پێشتر بە وتاری مانەوە ناوبراوە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕەگەز و پایەکانی کورد شیعر بەرهەمدێنێ،لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا بەخشینی ناسنامەیە بە مرۆڤی کورد ناسنامە بە مێژووەکەی. دەشێ ئەم شاعیرە وەکو ئاستی یەکەمی زمان بە شیعری سیاسی دەربکەوێت، بەڵام کاتێك شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئاستی قوڵی دەقەکانی ئەوا جیهانێکی ڕەهەند فراوان و

تێڕوانینی قوڵتر دەدۆزێتەوە، کە بەرهەمهێنانی شیعرەکانی دوای ڕاپەڕینە(قەرەداخی،١٥٣:٢٠٠٢)، کە شاعیر ڕەخنەلەو سیاسەتە دەگرێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا پەیڕەو دەکرێت.

عەبدوڵڵا پەشێو هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو کارێکی ئاسان نیە، چونکە ئەفراندن وداهێنان لە شیعرەکانیدا گشتگیرە وهەنوکەش خاوەنی یەك دیدگای نەگۆڕە لەڕوانگەی هەستی نەتەوەییەوە، بەرهەمە شیعرەییەکانی وەك ڕووبارێك بەبێدەنگی زەوی زەرد هەڵگەڕاوی نیشتیمان پاراو دەکات. وەکو چرا بەدەستی سەردەمەکەی خۆی، گەواهێکی بەئەمەکی رۆژگاری تاڵ و پڕ لە ژانی نەتەوەکەیەتی. لەگەڵ هاتنە دی بەشێك لە ئاواتە گەورەکەی و دواتر زیندەبەچاڵ کردنی ڕاپەڕین و دەستکەوتەکانی. زایەڵەی یەکەم دەنگی ناڕازی و تۆماری یەکەم هەڵوێستی شیعری، ئەم شاعیرە نیشتمان پەروەرەیە. دیارە واقیعی تاڵ پەشێوی هیوا بڕاو نەکردووە، دەستی نەشتووە لە دۆز و ئامانجەکانی، بەڵام ئەم شاعیرە نەتەوەییە، سەری سوڕماوە لەدەستی بارودۆخی شێواو ڕەفتاری ناپەسەندی سیاسەتی کوردی (عاڵڵایی،١٦٦:٢٠١٣). شایەنی باسە هێزی شیعری لای (عەبدوڵڵا پەشێو) بریتییە لە ڕەوانی لە ریتمی گوتن و بەرزکردنەوەی دروشمی شیعری ڕەخنەکاری(عەبدوڵڵا،٢٩:٢٠١٩). هەروەکو دەبینین لە پرۆسەی خەباتی نەتەوەیی و رزگاریدا، ئەرك و رۆڵی شاعیر و ئەدیب وپڕ لە بەرپرسیارێتییە. هەموو یەکێك لەوانە و توانای ئەو خۆڕاگریی ئەرك و تاقیکردنەوەیەیان نییە، ناتوانن تاجی سەروەری بکەنە سەر خۆیان و بەرهەمەکانیان،کاتێ پەشێوی شاعیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکێ لە گەورەترین کارەساتەکانی بەسەر کورددا دێت، بۆ وەستانەوە دژی بە شەڕی براکوژی و کورد کوژی، لەبری باوەڕهێنان و باڵۆرە لێدان بۆ ستراتیژی کوردی دیلی دەستی داگیرکەران، بە وێنەی شیعری دەربڕی ئەو واقیعە دەکات(عاڵڵایی، ١٦٩:٢٠١٣).

لە ڕاستیدا دوای ڕاپەڕین قۆناغێکی نوێی لە شیعری پەشێو هێنایە کایەوە، کە دەتوانین بڵێین لەهەموو ئەو تاوانانەی، کە ڕژێمی بەعس بەسەر کوردیدا هێنا هێندەی شەڕی ناوخۆ ئازاری بە کورد نەگەیاندووە. ڕەنگە هیچ شاعیرێکیش هێندەی پەشێو شیعری دژی ئەم شەڕە ناوخۆییە نەنووسی بێت، هەربۆیە دیوانێیکی بەناوی (برا کوژی )داناوە، چونکە ئەم شەڕە لەنێوان دوو لایەنی ناوخۆی کورددا بەڕێوە دەچوو، لەم نێوەندەدا، بەهۆی هەڵوێستی سیاسیانەوە، هەندێك لە شاعیرانی ئەو قۆناغە پشتگیرییان لە ڕاوبۆچوونی ئەو پارتانە دەگرت، کە خۆیان بە لایەنگیری دەزانی، سەرەڕای ئەوەی شاعیرمان هەن ئەو بارودۆخە ئازاریداوە و شیعری لە دژی ئەو بارودۆخە نوسیوە. واتا شیعری سەردەمی دوای ڕاپەڕینی لەلای پەشێو شیعری نەتەوەییە بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت لە پێناو چاکسازی و پاراستنی مافی مرۆڤ لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردی، ئەوەش گەورەترین گۆڕانکاری بوو لە گوتاری شیعریی کوردیدا لە ڕێچکەی شیعری نەتەوەیی لە ئەدەبی کوردیدا.

هەروەها شاعیر و نووسەر و ڕەخنە گری ئەدەبی (بەختیار عەلی) لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە ناوێکی دیاری ناو ڕۆشنبیری کوردییە. خەسڵەتی هەرە دیاریی بەرهەمەکانی بەختیار لەپێش ڕاپەڕیندا، بەپلەی یەکەم هەوڵدانێکی ڕەخنەیی بۆ خوێندنەوەی کێشە ڕۆشنبیرییەکان، دەتوانین ئەو بەرهەمانە لەخانەی تیۆریزەکردنی ڕەخنەدا ریز بکەین. بەرهەمەکانی بەختیار ڕووبەرێکی ئەوتۆن، کە سنوری سروشتی خۆیانیان هەیە پەیوەندییەکی پتەو پێکەوەی ڕاگرتوون(سیوەیلی،٧١:٢٠١٣).
لەدوای ڕاپەڕین ئەو شاعیرانە هەندێکیان ئەوانە بوون، کە پێشووتر جێگای دیار و ڕۆڵیان هەبووە، هەتا وەکو ئێستاش هەندێکیان لەژیانداماون وشیعر دەنووسن بەتایبەت لەبواری شیعری نەتەوەیی، نەوەیەك هەیە لەدوای ڕاپەڕین هاتنە پێشەوە، کە نەوەیەکی تازەیە چەند شاعێرێك لەدوای ڕاپەڕین دەرکەوتن لەڕووی تەمەنەوە، کە گەنجی هەشتاکانن، بەڵام لە نەوەدەکاندا دەبن بەشاعیر ودەردەکەون، ئەم هەموو ئەزموونی شاعیرانە لەڕووی شیعری نەتەوەیەوە جۆرێك لە فرە دەنگی تێدایە ئەم فرە دەنگییە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێچکەیی شیعری کوردی بۆ بیری نەتەوەیی، لەقۆناغەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەمەش بەهۆی ئازادی کوردستان و نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمەوەو هەندێکیان جیهانبینی تایبەتیان هەیە، بیری نەتەوەیی شاعیران هەمیشە لەبرەودا بوون بەشێواز و میکانیزمی جیاوازوئەوانیش (هێڵی ڕەهەندییەکانن) لە بواری نوسین و فیکریدا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەوتاری لەپەراوێزی ڕەخنەی بەختیار عەلی و بڵاوکنەوەی دیوانە شیعرییەکەی ( گوناە و کەرنەڤاڵ )دەستی پێکرد.
کەواتە دەتوانین بڵێین بەختیار وەک سیمبولی ئەو ڕەوتە تازەیە، بەرهەمەکانی فاروق ڕەفیق لە شار و لەگەڵیشدا مەریوان وریا قانع و ڕێبین هەردی لە بڵاوکراوەکانی شاخ و بڵاوکراوەکانی تری ئەو سەردەمەی شاخ وەک دیاردەیەکی تازە لەبواری نوسین و ئەدەب دەرکەوتن، ئەم ڕەوتە سەرەتا بە ئەدەب و وەرگێڕانی بیریارانی بیری خۆرئاوا دەناسرانەوە، خۆیان دوور دەخستەوە لە هەر جولەیەکی سیاسی ڕەنگە ئەمەش هۆکار بوویێت بۆ ئەوەی هەر زووش لە ناوەندی هەشتاکانی ئەدەب و ڕووناکبیری شارو شاخەوە ڕەتکرانەوە، زۆرێک لەوانەی لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەواندا بوون ئەو نوسەرانە بوون، کە باوەڕیان بە ئەدەبی بەرگریی و گوتاری شۆڕشگێڕی هەبوو لەنوسیندا. بەختیار عەلی لە نەستی خۆیدا، مامەڵە لەگەڵ شیعرەکاندا دەکات، مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەی، هەمیشە بەختیار نەستی پڕە لە غەریزە، غەریزەیەك شەڕی دوژمنەکانی پێدەکات، شاعیر باش دەزانێت ئەم شەڕە بردنەوە و دۆڕاندنی نییە، چونکە شەڕەکە نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی(عەلی،٣٦:٢٠٠٩).
(بە وتەی مەریوان وریا قانع لە گۆڤاری ئازادی ژمارە (٤)دا، ڕاپەڕین کرانەوەی مرۆڤی کورد بەسەر دنیایەکی تر) ئەو دنیایەی تر، کە مەریوان قانع وێنەی دەکێشێ جیهانێکی تازەیە و، کرانەوەی بیری ڕەهەندییەکانە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا، دەرکردنی گۆڤاری ئازادییە بە چەند مانگێک دوای ڕاپەڕین. ئازادی تاکە گۆڤاری فیکری کوردبووە، کە ساڵی (١٩٩١) دەرچووە ئەو کاتەی ئازادی دەرئەچوو، هێشتا جلی دڕاو بەبەری سەرکردەکانی شاخەوە بوو، هەر لەوکاتەدا (بەختیار عەلی مەریوان قانع فاروق ڕەفیق و ڕێبین هەردی ژمارە (یەک)ی گۆڤاری ئازادییان دەردەکرد، دیاترین ئەو نوسەرانەی بۆ گۆڤاری ئازادییان ئەنوسی فەرید ئەسەسەرد، هۆشەنگ وەزیری، بەرزان فەرەج بوون(عەبدوڵڵا ئەحمەد، سایتی ئەلکترۆنی شارپرێس، ٢٠١٩/٣/١١).
نەبوونی چەمکێکی پێشڕەوی فیکری لەقۆناغی دوای ڕاپەڕین ئەو کەلێنە ڕۆشنبیرییەی بەرهەمهێنا، کە سەرەڕای ئەوەی پرۆژەی ڕەهەندییەکان ئاماژەیەکی نوێی گۆڕانکاری بوو، لە هزری کوردیدا، بەڵام نەیتوانی فەزایەك بۆ پرۆسەی ڕۆشنبیری فەراهەم بکات، بۆ بەردەوامی دان بە هەڵگرتنی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان، بەمەش پوکانەوەیەك و پاشەکشێیەك بوو لەو دەستکەوتە مەعریفییانەی

دەکرا، دوای ڕاپەڕین بۆ کورد فەراهەم بکرێت.ئەم پرۆژە نوێیە پڕکردنەوەی کەلێنێکی گەورەی مەعریفی کوردی بوو، کە لە پێش ڕاپەڕیندا بەهۆی ستەمی دەسەڵاتی بەعسەوە لەناو کوردستاندا نەدەتوانرا بەرهەم بهێنرێت، پاشان ئەم هەوڵە لەچەمکی ناساندنی نەهامەتییەکانی کورد بەرامبەر بە دەسەڵاتی تازەی کوردی، زۆرترین بەرهەمی لەسەر ناکۆکی و شەڕی ناوخۆی کورد و بێ باکی دەسەڵاتی سیاسی کوردی بڵاودەکردەوە، کە ئەمەش هۆشداری بوو بۆ میللەتی کورد، کە قۆناغی دوای ڕاپەڕین زیاتر قۆناغی بنیاکردنی تاکڕەوانەی مرۆڤەکانە، نەوەکو قۆناغی بنیاکردنەوەی نەتەوەیی.

لەڕاستیدا ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕین کۆتایی نەهاتووە، چونکە کورد بەمافە ڕەواکانی خۆی نەگەیشتووە، ئامانجی ڕاپەڕین زۆری نەهاتۆتەدی. ئەگەر قۆناغی پێش ڕاپەڕین ڕەخنەگرتن بوویێت لە ڕژێمە دەرکییەکان، ئەوە قوناغی دوای ڕاپەڕین ڕەخنەگرتن بووە لە دەسەڵاتی خۆماڵی، سەرای ئەوەی کوردستان ئازاد بوو، حکومەت و پەرلەمان درووست بوو، بەڵام بەشیك لەدەستکەوتەکانی فەرامۆش کردووە. لێرەدا ئەو بیرە نەتەوەییانەی لە قۆناغەکادا هەستمان پێکرد، لەدوای ڕاپەڕینەوە جۆرێك لە گۆڕانکاری بەسەرداهات.لە باشوری کوردستان و لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) و تایبەت لە ئێستادا کە تێیدا گوزەر دەکەین، هەستی نەتەوەیی بە هۆکاری ئاشکراو ڕوون بەرەو کاڵبونەوە هەنگاوی ناوە. لە باشور تا ئەندازەیەک بیری تەسکی حزبی بووەتە شوێنگرەوەی بیری نەتەوەیی لە لایەک و شێوازی حوکمڕانی نادروست و برسیکردن و جیاکاری و نەبونی دادی کۆمەڵایەتی هۆکاری کاریگەرن لە کاڵبونەوەی بیری نەتەوەیی لای تاکی کورد .

## ئەنجامەکان:

١-بیری نەتەوەیی لەشیعری کوردی لە کلاسیك و نوێدا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لای زۆربەی شاعیرانی قۆناغەکە ڕەنگی داوەتەوە، لە سیماکانی ئەم شیعرە نەتەوەییانە هاندانی خەڵکە بۆ چاندنی تۆی بیری نەتەوەیی وبەرگری لە مافەکانیان.

٢-بیری نەتەوەیی لەشیعری هاوچەرخی پێش ڕاپەڕین خۆی لەو دەقانەدا دەبینیەوە، کە زیاتر گیانی بەرەنگاریان تیدایە گۆڕانکارییە سیاسی و ڕامیاریەکانی ئێراق وەک شۆڕشی (١٤ی تەموز) و دواتر ڕێکەتننامەی(١١ی ئازار)کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر شیعری شاعیرانی هاوچەرخ و پەیامی نەتەوەییان لە شیعرەکانیاندا دەدا بە گوێی وەرگرانیاندا لەپێناو بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتیی لای تاک بەتاکی کۆمەڵگای کوردی.

٣- لە شیعری کوردی هاوچەرخی دوای ڕاپەڕین بیری نەتەوەیی جیاواز دەردەکەوێ، لەبری لکان بە نیشتیمان دابڕانە لە نیشتیمان هۆکاری ئەمەش خراپی سیستی حکومڕانی کوردی یە لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ میلەتەکەمان..

٤- عەبدوڵلا پەشێو لە دوای ڕاپەڕین بە دیارترین شاعیر دادەنرێت لە بواری شیعری نەتەوەیی، زۆر بە توندی دژایەتی شەڕی ناوخۆی کردووە،کە ئەوەش بۆ بەرزی هەستی نەتەوایەتیی دەگەڕێتەوە.References

## Abstract

Looking through the Kurdish literature It can be seen that patriotic poems is one of the main and effective genres in all phases, fields and eras in Kurdish literature. national subjects have passed through many stages that become the researchers´ interest. through the old patriotic insights and new age, especially after the First World war, reflected by the Kurdish poets till the Kurdish revolution in 1991. after that stage, and different age because of the changes in the poets´ feelings and thoughts that led to a new situation. Kurdish national poems were a kind of motivational, endearing and sticking to their home country while after the revolution, and because of the birth of Kurdish reign in the region, a kind of isolation with patriotic poems happened. it is not because of the ugliness of the country but the previous feelings were gone and the blames must direct the local authorities. it is because the Kurdish rulers are changed not the poets. The content of this research consists of two main part; the first part includes a chapter and three section. Section one is about Patriotism in Classical poems. Section two is about Patriotic doctrine in new poetry while section three talks about Patriotic doctrine in new poetry before the revolution. The second part illustrates National doctrine in the poems after the revolution. The importance of this research can be seen in the case that through this research attempts are seen to investigate and explain the national feelings before and after the revolution in 1991.

## لیستی سەچاوەکان :

### کتێبەکوردییەکان:

1. ئەمین، مستەفا ، نەوشیروان، (٢٠١٣)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی (١٨٩٨-١٩٥٨) کتێبی دووەم- بەرگی یەکەم، الدار العربیة للعلوم الناشرون- بیروت.
2. ئیسماعیل، نەسرین ڕەئوف،(٢٠١٠)،ئەرکی شیعر لەئەدبی کوردیدا ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٨) دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
3. ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز، (٢٠٠١)، ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، سلێمانی.
4. ئیسماعیل، د. ئەرسەلان بایز، (٢٠٠٣)، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین(١٩٩٢-٢٠٠٢)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
5. برۆنسن، مارتن ڤان-گۆنتەر، مایکل ئەوانی تر، (٢٠١٢) ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا، وەرگێڕانی: وریا ڕەحمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١.
6. بۆتانی، عەبدولفەتاح عەلی ، (٢٠٠٦)، سەرەتاکانی هەستی نەتەوایەتی کورد لە مێژووی نوێدا. وەرگێڕان: سەڵاح عومەر، دەزگای وەرگێڕان، چ١، هەولێر.
7. جویدە، پرۆفیسۆر دکتۆر(٢٠٠٨)، وەدیع، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد و بنەما و پەرەسەندنی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. یاسین سەردەشتی، سلێمانی.
8. حەسەن، شادمان قادر، (٢٠٠١)، بزوتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .
9. خەزنەدار، مارف،(٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم و حەوتەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چ١، هەولێر.

10.خـەلیل، زانا ،(٢٠٢٠)، لێکۆڵینـەوە ئەدەبییـەکان، چاپخانـەی چـوارچرا- سلێمانی.
11.خەیات، کاروان عوسمان،(٢٠١٦)، دیوانی خانای قوبادی(کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە)، کتێبفرۆشی نیشتمان، سنە، چ.
12.ڕەسوڵ، پڕفیسۆر دکتۆر عیززەدین مستەفا، (٢٠٠٨)، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)سلێمانی.
13.زێوەر، مەحمود، دیوانی زێوەر، (٢٠٠٣)، بڵاوکراوەی ئاراس، چ١، هەولێر.
14.سالح، سـەنیە و مـاغوت، محمـد، (٢٠١٧)، گـەردن نـەماوە بـۆ بـڕین ، وەرگێڕانی عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی .دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم – سلێمانی
15.سەعدون، سامان عیزەدین، (٢٠١٠)، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سلێمانی.
16.سـیوەیلی، ڕێبـوار، (٢٠١٣)،ڕەهەندییـەکان بـۆ نـەوەی نـوێ، دەزگـای زەریاب، کوردستان.
17.شەورۆ، فازیڵ، سڵێوە، هاوژین ، (٢٠١٩)، دایك لە جیهانبینی شیعری (لەتیف هەڵمەتدا)، چاپخانەی سارا- سلێمانی.
18.عارف، حسێن ، (٢٠٠٥)، ڕوانگە و یاران و نەیارانی( بیری نوێ- وتەی نوێ- کرداری نوێ)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.
19.عاڵلایی، زیاد نادر ، (٢٠١٣)، عەبدوڵلا پەشێو شاعیرێك لە ڕەگەزی سەربزێوی، خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
20.عەبـدوڵلا، عەبدولموتـەڵیب ، (٢٠١٩)، شـیعری نـوێی کـوردی دوای ڕاپەڕین، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
21.عەلی، بەختیار، (٢٠٠٩)، ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
22.عـەلی، د. جەعفـەر ، (٢٠١٣)، ناسـۆنالیزم و ناسـیۆنالیزمی کـوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، چ١.
23.عەوڵلا، عەبدوڵلا رەحمان ، (٢٠١١)، شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٢٥--١٩٦١)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
24.عەزیـز، شـەرمین ئیبراهـیم، (٢٠٠٦)، پەشـێو تازە کردنەوەی لەشـیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر
25.عەزیـز، شـەرمین ئیبراهـیم، (٢٠٠٦)، پەشـێو تازە کردنەوەی لەشـیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر
26.قـەرەداخی، عەتا ، (٢٠٠٢)، گـەڕان بـەدوای بووندا، دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم.
27.قەرەداخی، عەتا ، (٢٠١٣) ، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی دووەم، سلێمانی.
28.کـۆیی، حـاجی قـادری ، (٢٠١١)، دیـوان، لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، بڵاوکاری کوردستـان- سنە.
29.مەولود، عەبدوڵلا خدر، (٢٠١٣)، دیوانی حەمدی، چ ٥، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
30.میرە، د. ئەحمەد،(٢٠٢٠) یاخیبوون لە (نیشتمان، سیاسەت و ئاین)، لە جیهانبینی (شێرکۆ بێکەس و ماغوت )دا، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، چاپی یەکەم.
31.مەلا، ئەحمەد، (٢٠١٩)، شـیعری دوای ڕاپەڕیـن، دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
32.ناوخـۆش، سـەلام ، (٢٠٠٦)، ئـایین و ناسـیۆنالیزم، تەفسـیر بـۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر.

### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

1. طالباني ، جلال ، (١٩٧١)، كردستان والحركة القومية الكردية، منشورات النور، ط٢.
2. رسول، الدكتور عزالدين مصطفى، (٢٠١٠)، الواقعية في الأدب الكردي، منشورات اراس، ط٢، أربيل.

### سەرچاوەی ڕۆژنامە و گۆڤار:

1. بەدرخان، جەلادەت ، (١٩٤١)، گۆڤاری هاوار، ژ٣٣.
2. سعدون، سامان عیزەدین ، مایسی (٢٠١٨)، ڕۆڵی شیعری سـیاسی لە جوڵانـەوەی نەتـەوەیی کـورد دا (١٩١٨-١٩٢٥)، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیان، ژمارە٣.
3. سەعید، هیوا عەزیز،(٢٠٠٨)، ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩) (سەرهەڵدان و قۆناغەکانی)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ٢٤، بەشی B.
4. عەبدوڵلا، دڵشاد،(٢٠٠٠)، دەگای چاپ و پەخشی سـەردەم، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ٧.
5. نەجمەدین،مستەفا عەلی، (٢٠١٨)، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، گۆڤاری باران، گۆڤارێکی ئەدەبی وەرزییە، ژ ٨، ساڵی سێیەم.
6. شاخەوان سدیق (٢٠١٨)، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، گۆڤاری باران، گۆڤارێکی ئەدەبی وەرزییە، ژ ٨، ساڵی سێیەم.'
7. محمـــد، پ.د. محمـــد دلێـــر ئـــەمین/ مـــیرە:م.ی ئەحمـــەد محەمـــەد ڕەشـید،(٢٠١٨)، گـۆڕینی وێنـەی مەعشـوق لە نیشتمانەوە بـۆ ژن لە دیوانی (ئێسـتا کچێـك نیشـتمانە-ی شـێرکۆ بێکەس)، گۆڤاری زانکـۆی هەڵەبجەبەرگی٣، ژمارە ١.
8. عەبدولواحید، ئازاد، (١٩٩٩)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە ٨٨.
9. دەزگای ڕووناکبیری و ئەدەبی گەلاوێژ ، (٢٠٢١)، گۆڤاری گەلاوێژ. ژ٥٤.
10.سـعدون ،سـامان عـزالدین،(٢٠١٩)،گۆڤـاری زانکـۆ بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتیەکان .بەرگی ٢٣،ژمارە ٤

### نامەی ماستەر:

1. سلیمان، اسماعیل حمد أمین ، (٢٠٢١)، پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا، نامەی ماستەر لە ئەدەبی کوریدا، زانکۆی سەلاحەدین.
2. مستەفا، سەرحەد حسێن ، (٢٠١٥)، بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری لە شیعرکانی (کامەران) دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی کوردی.

**سایتی ئەلکترۆنی**

3. عەبدوڵڵا ئەحمەد ، ٢٠١٩/٣/١١، سایتی ئەلکترۆنی شار پرێس.
https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=140062